Zanco Journal of Law and Politics
Vol (23), No (38), 2025
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# کورد وەک مرۆڤی پیرۆز لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا
## لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- شیکارییە

| |
|---|
| د. سەروەر حمە أحمد |
| بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| ئیمێل: sarwar.ahmad@su.edu.krd |

| | | |
|---|---|---|
| وشە کلیلییەکان: | Received: 03/02/2025 | ID No. 3596 |
| هۆمۆ ساکەر، ئاگامبێن، کورد و کوردستان، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، تێرا نولیۆس | Accepted: 09/03/2025 | (PP 87 - 111) |
| | Published: 04/06/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.38.4 |

### پوختە

لەم توێژینەوەیەدا تێرمی هۆمۆ ساکەر بۆ شیکردنەوەی پێگەی کورد لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەکارهاتووە. بە جۆرێک لەپاڵ خستەڕووی چەمکی هۆمۆ ساکەر، تیشک خراوەتە سەر مێژووی گەلی کورد وەک هۆمۆ ساکەر، لەگەڵ گەنگەشەکردنی فاکتەرە کاریگەرەکانی پشت بوونی کورد وەک مرۆڤی پیرۆز لە پەیوەندییە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمە سەرباری ئەوەی مەبەستێتی لێکەوتەکانی هۆمۆ ساکەربوون لەسەر کورد و کوردستان بخاتەڕوو. هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: چۆن گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت (Stateless Nation) لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، دەکەونە دۆخێکی هاوشێوەی هۆمۆ ساکەر؟، وە هۆمۆ ساکەربوون چ لێکەوتەیەکی نەرێنی لەسەر کورد و کوردستان هەیە؟. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی- شیکاری ناوەڕۆک بەستووە. بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانیش کەڵکمان لە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی وەرگرتووە. لە کۆبەندیشدا ئەم توێژینەوە گەیشتووەتە چەندین دەرئەنجام، گرنگترینیان بریتییە لەوەی کە پێمان وایە تێرمی هۆمۆ ساکەر لە بەرامبەر گەلی کورد، لە هەندێک قۆناغی مێژوویی، بە ئاستی جۆربەجۆر پەیڕەو کراوە. ئەمەش وای کردووە کوردەکان و کوردستان هێندەی مەحکوومن بە یاسا کۆنە ڕۆمانییەکانی وەک هۆمۆ ساکەر و تێرا نولیۆس، هێندە سوودمەندی ڕێسا و یاسا سەردەمییەکان نین، هەر بۆیە کورد و کوردستان پێگەیەکی ناسەقامگیر و حاڵەتێکی نا-دڵنیاییان لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا هەیە.

### پێشەکی

مرۆڤی پیرۆز، یاخود هۆمۆ ساکەر، یاسایەکی کۆنی ڕۆمانییە، بە پێچەوانەی ماناکەی، مرۆڤ لە هەموو بەها و پیرۆزییەک دادەماڵێت و دەیخاتە دەرەوەی ئەو ڕێسا ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان دابین دەکات. بیرمەندی ئیتاڵی "جۆرجیۆ ئاگامبێن"، ئەم چەمکە وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و مرۆڤ لە سیستەمی سیاسی هاوچەرخدا بەکار دەهێنێت. لەم چوارچێوەدا گەلی کورد، لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی مۆدێرن، وەک هۆمۆ ساکەر و مرۆڤی بێماف، داماڵێنرابوون لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکان. بەمجۆرە کوردەکان لەسایەی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، دۆخێکی مرۆیی دەرکەوتووی هۆمۆ ساکەرن. بەو مانایەی کورد،

بوونێکە لە دەرەوەی ماف. دەسەڵاتی سیاسییش لەو دەوڵەتانەدا، هەموو مافێکی لە کوردەکان وەرگرتووەتەوە و ڕووتی کردوونەتەوە بۆ مرۆڤێکی بێماف.

لە ڕاستیدا شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان، گرتن و لەسێدارەدانی چالاکوانە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات، زیندانی و ڕەشەکوژی کوردانی باکوور و بێ ناسنامەکردنی کوردی ڕۆژئاوا لە لایەک و، هێشتنەوەی گەلی کورد لە دەرەوەی مێژوو، لەگەڵ بە ئەمنیکردنی پرسی کورد و، کردنی کوردستان بە ناوچەیەکی تێرا نولیۆس لە لایەکی دیکەوە، نموونەی هەرە دیاری هۆمۆ ساکەربوونی کوردە لە مێژوویی دەوڵەتی مۆدێرندا. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بە باشمان زانی بابەتی (کورد وەک مرۆڤی پیرۆز لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا: لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- شیکارییە)، بکەین بە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە.

خستنەڕووی بابەتی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدا تێرمی هۆمۆ ساکەر بەکاربهێنێت بۆ شیکردنەوەی پێگەی کورد و کوردستان لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش، پاش خستەڕووی چەمکی هۆمۆ ساکەر، دەیەوێت تیشک بخاتە سەر مێژووی گەلی کورد وەک هۆمۆ ساکەرێک، لەگەڵ گەنگەشەکردنی فاکتەرە کاریگەرەکانی پشت بوونی کورد وەک مرۆڤی پیرۆز لە پەیوەندییە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمە سەرباری ئەوەی مەبەستێتی لێکەوتەکانی هۆمۆ ساکەربوون لەسەر کورد و کوردستان بخاتەڕوو.

گرنگی توێژینەوە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پرسێک تاوتوێ دەکات وەک پێویست لە ئاستی ئەکادیمی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا توێژینەوەی زانستی لەبارەوە نەکراوە. بۆیە پێمان وایە توێژینەوەکە لە لایەک تێگەیشتنێکی نوێ پێشکەش دەکات بۆ دۆخی گەلی کورد و کوردستان لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، لە لایەکی دیکەوە ڕەهەندێکی تیۆریی نوێ دەخاتە سەر توێژینەوەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پێگەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتییدا.

پرسیارەکانی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا ئەم پرسیارە سەرەکییەمان وروژاندووە: چۆن گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، دەکەونە دۆخێکی هاوشێوەی هۆمۆ ساکەر؟، لەگەڵ ئەم دوو پرسیارە لاوەکییە: دیارترین فاکتەرە کاریگەرەکانی پشت بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەر لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا چییە؟، هۆمۆ ساکەربوون چ لێکەوتەیەکی نەرێنی لەسەر کورد و کوردستان هەیە؟.

گریمانەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئەم گریمانەیە، گەلی کورد و کوردستان لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، لە دۆخێکی هاوشێوەی هۆمۆ ساکەر و تێرا نولیۆسدان، هەر ئەمەش وای کردووە حاڵەتێکی نا-دڵنیاییان لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا بۆ دروست ببێت.

ئامانجی توێژینەوە: مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی ئەکادیمییە بە ئاراستەی خستنەڕووی چوارچێوەی تیۆری دەستەواژەی هۆمۆ ساکەر لە هزری ڕۆمانی و دیدگەی بیرمەندی ئیتاڵی جۆرجیۆ ئاگامبێن لە لایەک و، دەستنیشان کردنی فاکتەرە کاریگەرەکانی پشت بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەر لە فەزای پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە لایەکی دیکەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی مەبەستێتی لەو ناوەندەدا، تیشک بخاتە سەر مێژووی گەلی کورد وەک هۆمۆ ساکەر، لەگەڵ لێکەوتە نەرێنییەکانی هۆمۆ ساکەربوون لەسەر کورد و کوردستان.

میتۆدی توێژینەوە: لە پێناو شیکردنەوەی بابەت و، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە، پشتمان بە میتۆدی وەسفی- شیکاری ناوەڕۆک بەستووە. هەروەها بۆ کۆکردنەوەی ژێدەر و سەرچاوەکانیش کەڵکمان لە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی وەرگرتووە، لە نموونەی: تێزی دکتۆرا، نامەی ماجستێر، کتێب، توێژینەوە زانستییەکان و گوتارە ئەکادیمییەکان، کە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی نووسراون.

پەیکەربەندی توێژینەوە: پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت، لە پێشەکی و چوار باسی سەرەکی. بە جۆرێک لە باسی یەکەم، قسە لەسەر چوارچێوەی تیۆری دەستەواژەی هۆمۆ ساکەر دەکەین. پاشان لە باسی دووەمدا، تیشک دەخەینە سەر مێژووی گەلی کورد وەک هۆمۆ ساکەر. باسی سێیەمیش، بۆ گەنگەشەکردنی فاکتەرە کاریگەرەکانی پشت بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەر لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا تەرخان دەکەین. هەرچی باسی چوارەم و کۆتاییشە بۆ خستنەڕووی لێکەوتە نەرێنییەکانی هۆمۆ ساکەربوون لەسەر کورد و کوردستان تەرخان کراوە. لە کۆبەندیشدا، دەرئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکەمان دەخەینەڕوو، لەگەڵ ئاماژەدان بە لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان.

## باسی یەکەم
## چوارچێوەی تیۆری دەستەواژەی هۆمۆ ساکەر

لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی چەمکی هۆمۆ ساکەر؛ شرۆڤە و قسەکردنی جددییە لەسەر پەیوەندی نێوان ژیانی مرۆڤەکان بە دەسەڵاتی سیاسییەوە. بۆیە لە گۆشەنیگای گرنگی ناساندنی ئەم زاراوەیە، بە گونجاوی دەزانین ئەم باسەی توێژینەوەکەمان بۆ تیشک خستنە سەر چوارچێوەی تیۆری دەستەواژەی مرۆڤی پیرۆز تەرخان بکەین. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا، قسە لەسەر چەمکی مرۆڤی پیرۆز لە هزری سیاسی ڕۆمانیدا دەکەین. لە داواکراوی دووەمیشدا، تیشک دەخەینە سەر تێرمی هۆمۆ ساکەر لە دیدگەی بیرمەندی ئیتاڵی جۆرجیۆ ئاگامبێن.

### داواکراوی یەکەم
### چەمکی مرۆڤی پیرۆز لە هزری سیاسی ڕۆمانیدا

مرۆڤی پیرۆز -هۆمۆ ساکەر/ Homo Sacer-، یاسایەکی کۆنی ڕۆمانییە، بە پێچەوانەی ماناکەی، مرۆڤ لە هەموو پیرۆزییەک دادەماڵێت و دەیخاتە دەرەوەی هەموو ئەو ڕێسا و یاسا ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە پاراستنی ژیانی تاکەکان دابین دەکات. بەپێی ناوەڕۆکی یاساکە ئەو مرۆڤانەی کە پارێزبەندی هاووڵاتیی ڕۆمانی و سیفەتی مرۆڤبوونی لێ دەسەنرایەوە، دەخرانە خانەی مرۆڤی پیرۆز. هەموو مامەڵەیەکی ناتەندروستیش لەگەڵ هۆمۆ ساکەرەکان هیچ لێپێچینەوە و سزایەکی بەدوادا نەدەهات (Jonsson 2008, p167). بەمجۆرە هۆمۆ ساکەر؛ مرۆڤێکی بێمافە و یاساشی لەپشت نییە، بە بێمافیش لە کۆمەڵگادا ژیان بەسەر دەبات. وە دەوڵەت وەک دەسەڵاتی سەروەر، مافی ئەوەی هەیە سیفەتی هۆمۆ ساکەر بەسەر هەموو کەسێکدا بسەپێنێت و بیخاتە دەرەوەی بازنەی هاووڵاتیبوون و لە هەموو بەها و پیرۆزییەکی دابماڵێت.

چەمکی هۆمۆ ساکەر لە یاسای سەرەتایی ڕۆمانیدا سەری هەڵداوە، لە نموونەی (یاساکانی دوازدە خشتە/ The Laws of the Twelve Tables)[*] لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٠ پێش زایین (محفل 1974، ص248). خودی ئەم زاراوەیە لە دوو وشە پێکهاتووە، ئەوانیش: (Homo) واتە مرۆڤ، (Sacer) واتە (پیرۆز/ نەفرەت). مانای دەستەواژەی "ساکەر" لە ئایینی ڕۆمانی کۆندا هەڵگری هەر دوو واتای پیرۆز و نەفرەت بووە لە یەک کاتدا، بەڵام لە کۆتاییدا بە واتای "پیرۆز" وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی (Buchanan 2010, p233). بەمەش چەمکی (هۆمۆ ساکەر/ Homo Sacer)، بە واتای (مرۆڤی پیرۆز/ اَلْإِنْسَان اَلْمُقَدَّس) لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەکاردێت، واتایەک؛ کە پێچەوانەی ناوەڕۆکەکەیەتی.

لە ئایینی ڕۆمانیدا، ساکەر مانای هەر شتێک کە لە کۆمەڵگای باو جیاکراوەتەوە دەگەیەنێت، کە هەر دوو مانا و هەستی پیرۆز و نەفرەت لەخۆدەگرێت لە یەک کاتدا. تێکەڵکردنی ئەم دوو وشەیە، پارادۆکسێک دروست دەکات کە نموونەی ئاڵۆزی بیرکردنەوەی یاسایی و ئایینی ڕۆمانییە. ئەم پێگە یاساییە ناوازەیە کەسایەتییەکی دروست کرد کە دەتوانرێت

(*) یاساکانی دوازدە خشتە: سەرەتاییترین کۆدی نووسراوی یاسای ڕۆمانییە، مێژووەکەیان بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەم یاسایانە لەسەر دوازدە خشتەی برۆنزی نووسرابوون و، وەک بناغەی یاسای ڕۆمانی لێیان دەڕوانرێت. خاڵە سەرەکییەکانی سەر دوازدە خشتەکە بریتی بوون لە: ڕێکاری دادوەری، خێزان و میرات، موڵک و گرێبەست، ڕێوڕەسمی ئایینی (زناتي ١٩٦٦، ص48).

لەلایەن هەر کەسێکەوە بکوژرێت بەبێ ئەوەی سزا و دەرەنجامی یاسایی هەبێت، بەڵام ناتوانرێت لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا بکرێتە قوربانی (Bennett 1930, p5-7). بەمجۆرە هۆمۆ ساکەر، نوێنەرایەتی یەکێک لە کەسایەتییە پارادۆکسیکاڵ و ئاڵۆزەکان دەکات لە بیری سیاسی، یاسایی و ئایینی ڕۆمانیدا.

چوارچێوەی یاسایی چەمکی هۆمۆ ساکەر ئاڵۆزە. بەپێی یاسای ڕۆمانی، کاتێک کەسێک بە هۆمۆ ساکەر دەناسێنرا، هەموو ماف و پاراستنێکی مەدەنی لەدەست دەدات و، لە حاڵەتی وازهێنانێکی یاسایی تەواودا بوونیان دەبوو. ئەم پێگەیە وەک سزایەک بۆ تاوانە گەورەکان دژی نەزمی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسەپێنرا، وەکوو پێشێلکردنی سوێندی پیرۆز و پێشێلکردنی توندی ئەرکی خێزانی و دژایەتی کردنی دەسەڵاتەکانی پاشا (محفل 1974، ص199-201).

هەروەها لایەنی ئایینی هۆمۆ ساکەر، تێگەیشتنی ئاڵۆزی ڕۆمانییەکان بۆ چەمکی "پیرۆزیی" ئاشکرا دەکات. چونکە لە بیری ڕۆمانیدا، پیرۆزەکان تەنیا هاوتای پیرۆز نەبوون، بەڵکوو ڕەهەندێکی ئاڵۆزی ماناکانی لەخۆگرتبوو، کە هەم پیرۆزکردنی خودایی و هەم وەدەرنانی لە ڕێوڕەسمی ئایینی لەخۆدەگرت (Fowler 1920, p15-22). بەم چەشنە هۆمۆ ساکەر، فۆرمێکی پیرۆزی نەرێنی بەرجەستە دەکرد، کە وەک پیرۆز دیاری کرابوون، بەڵام لە هەمانکاتدا لە هەر دوو کۆمەڵگای خودایی و مرۆڤەکان دوور خرابوونەوە.

کاریگەری و دەرئەنجامە یاساییەکانی ناساندنی مرۆڤەکان بە هۆمۆ ساکەر، توند و گشتگیر بوون. ئەو تاکانەی دەخرانە خانەی مرۆڤی پیرۆز، هەموو مافەکانی هاووڵاتیبوون و مافی خاوەندارێتی و توانای بەشداریکردن لە گرێبەستە یاساییەکان لە دەستدەدا. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، دەرئەنجام و کاریگەری سیاسی هۆمۆ ساکەر لەسەر تاک، بە هەمان شێوە توند و نەرێنی بوو. چونکە وەک نمایشێکی بەهێزی دەسەڵاتی سەروەر کاری دەکرد، کە توانای دەوڵەتی نیشاندەدا بۆ بچووککردنەوەی هاووڵاتییان بۆ ژیانێکی ڕووت، ژیانێک؛ کە مرۆڤەکان تێیدا لە حاڵەتی وازهێنانی تەواوەتی کلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و یاساییدا بوون (بێرمان ٢٠١٩، ل١٥).

بەگشتی دەکرێت بڵێین، تێرمی هۆمۆ ساکەر پرسیاری گرنگ و جددی لەبارەی سروشتی کۆمەڵگای سیاسی، پەیوەندی نێوان یاسا و توندوتیژی و، پێکهاتەی دەسەڵاتی سەروەر دەوروژێنێت. بۆیە بیرمەندانی سیاسی هاوچەرخ، ئەم چەمکەیان بۆ شیکردنەوەی دیاردە یاسایی و سیاسییە جۆراوجۆرە مۆدێرنەکان بەکارهێناوە، هەر لە دۆخی زیندانییەکان و پەنابەرانەوە تاکوو مامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (Stateless Nation). بەمجۆرە هۆمۆ ساکەر، وەک چەمکێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە هزری ڕۆمانی و تیۆری سیاسی هاوچەرخ دەمێنێتەوە. سروشتە پارادۆکسیەکەی _هەم پیرۆزە و هەم نەفرەت لێکراو، دوورخراوە لە یاسای مرۆیی و خودایی_ بەردەوامە لە پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ تێگەیشتن لە بناغەکانی دەسەڵاتی سیاسی مۆدێرن. فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخیش لە ڕێگەی کارەکانی جۆرجیۆ ئاگامبێنەوە، لە هۆمۆ ساکەردا پارادایمێکی بەهێزی بۆ تێگەیشتن لە دەسەڵاتی سیاسی مۆدێرن دۆزیوەتەوە.

## داواکراوی دووەم

## تێرمی هۆمۆ ساکەر لە دیدگەی جۆرجیۆ ئاگامبێن

قسەکردن لەسەر مرۆڤی بێماف، لە بنەڕەتدا کێشەیەکی قووڵی نێو کایەیی یاسا و فەلسەفەی سیاسییە. بەو مانایەی ئەگەر یاسایەک هەیە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان، چۆن مرۆڤ لە ڕێگەی بەکارهێنانی یاساکانەوە گۆڕاوە بۆ بوونەوەرێکی بێماف و تەنیا ژیانێکی ڕووتی هەیە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ تێزەکەی فەیلەسووفی ئیتاڵی (جۆرجیۆ ئاگامبێن/ Giorgio Agamben)(*). لە بنەمادا تێزەکەی ئاگامبێن لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانە لەو پارادایمانەی

---

(*) جۆرجیۆ ئاگامبێن لە 22ی نیسانی 1942 لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا لە دایکبووە، هەر لەوێ لە ساڵی 1965 کۆلێژی مافی تەواو کردووە. فیکری ئاگامبێن لەسەر کۆمەڵێك بنچینەی پەرت و بڵاو دامەزراوە و، گەلێك ئاسۆی فراوانیشی تێدایە بۆ

کە دەوڵەتی مۆدێرنی لەسەر دامەزراوە و، گرفتسازییەکانی نێو سیستەمی یاسایی دەوڵەتی مۆدێرن دەستنیشان دەکات و، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و سیستەمی دیموکراسی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

چەمکی هۆمۆ ساکەر، یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی تێزە فکرییەکانی جۆرجیۆ ئاگامبێن. ئەم چەمکە باس لە دۆخێکی مرۆیی دەکات، کە تێیدا مرۆڤ لە مافە سەرەتاییەکانی و پێگەی یاسایی خۆی دادەماڵرێت (أغامبن 2017، ص٩٧). ئاگامبێن ئەم چەمکەی وەک ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ژیانی مرۆڤ لە سیستەمی سیاسی هاوچەرخدا. لە ڕوانگەی ئاگامبێنەوە، هۆمۆ ساکەر ئاماژەیە بۆ کەسێک کە ژیانی لە دەرەوەی پارێزگاری یاسا و سیستەمی سیاسییە، بەڵام هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ئەو یاسا و سیستەمەدایە.

تیۆریزەکردنی هۆمۆ ساکەر لە بیری ئاگامبێندا، پشت بە چەندین سەرچاوەی فەلسەفی دەبەستێت. ئەم چەمکە، کە لە کتێبی (هۆمۆ ساکەر: دەسەڵاتی سەروەر و ژیانی ڕووت/ Homo Sacer: Sovereign Power and Bare Life) بە تەواوی گەشەی پێدراوە، بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی پەیوەندی بە تیۆرە سیاسییەکانی (میشێل فۆکۆ، ڤالتەر بێنیامین و کارڵ شمیت) هەیە. بە تایبەتی، ئاگامبێن پشت بە چەمکی (بایۆ- سیاسەت/ Bio-politics)ی[*] فۆکۆ دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی ئەو میکانیزمانەی کە دەسەڵات لە ڕێگەیانەوە کۆنترۆڵی ژیانی تاکەکان دەکات (بێرمان ٢٠١٩، ل١٢). هەروەها لە ڕووی ئیپستمۆلۆژیاوە، ئاگامبێن چەمکی هۆمۆ ساکەر وەک پارادایمێکی تیۆری بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان (سەروەری/ Sovereignty) و (ژیانی ڕووت/ Bare Life). لە هزری ئاگامبێندا، سەروەر ئەو کەسەیە بڕیار دەدات کێ ببێت بە هۆمۆ ساکەر. هەر ئەم کەسە _سەروەری سیاسی_ بڕیاری ئەوەشی بەدەستە کێ ژیانێکی ڕووتی هەبێت (أغامبن 2017، ص٢٠). واتە ئەوەی چارەنووسی هۆمۆ ساکەر دەستنیشان دەکات کەسی سەروەرە، کە خۆی لە بڕیار بەدەست و سەرۆکی وڵاتدا دەبینێتەوە.

لە دیدگەی ئاگامبێنەوە دۆخی ژیانی ڕووت، دۆخی هەر کەسێکە کە یاسا قبووڵی ناکات و، وەک بوونەوەرێکی دەرەوەی یاسا (اَلْخَارِجُونَ عَنْ اَلْقَانُون/ Outlaws) تەماشا دەکرێن. ئاگامبێن ڕیشەکانی ئەم کێشەیە دەباتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە حاکمیەتی یاسای ڕۆمانی دێریندا، هۆمۆ ساکەر سوبێکتێکی دەرەیاساییە، کە دەکرێت بکوژرێت بێ ئەوەی هیچ سزایەکی یاسایی بۆ بکوژەکەی دیاری کرابێت (سەعید ٢٠٢٤). لە دیدگەی ئاگامبێنیشەوە؛ هۆمۆ ساکەر جۆرە کەسانێک بوون نە کوشتنیان سزایەکی لەسەر بوو، نە قبووڵکراون بکرێنە قوربانی. واتە هەم لە سنووری یاسا دەرکراون و، هەم لە سنووری یاسا ئیلاهییەکانیشدا بێزراو بوون و کەس نەیدەتوانی وەکوو قوربانی پێشکەش بە خوداکانی بکات.

چەمکی هۆمۆ ساکەر لای ئاگامبێن تەنیا باس لە دۆخێکی مێژوویی ناکات، بەڵکوو وەک ئامرازێکی شیکاری بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا و، ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی مافەکانی مرۆڤ دەبنەوە. ئاگامبێن لە شیکردنەوەی چەمکی هۆمۆ ساکەردا، جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان (بایۆس/ Bios) بەواتای ژیانی

---

ژمارەیەکی زۆری کێشە و ئاریشە سیاسییەکان. دەکرێت بڵێین دیارترین بەرهەمەکانی ئاگامبێن بریتییە لە کتێبی" هۆمۆ ساکەر و دۆخی ئاوارتە". بێگومان کارەکانی ناوبراو، کاریگەری بەرچاویان لەسەر فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسی هاوچەرخ هەیە (بڕوانە: ئاگامبێن ٢٠١٩، ل١١-١٤).

(*) بایۆ- سیاسەت، زاراوەیەکی سەرەکییە لە بەرهەمەکانی فەیلەسووفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ، مەبەست لەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان سیاسەتی هاوچەرخ و ژیانی مرۆییدا هەیە (توێژەر).

سیاسی و (زۆی/ Zoe) بەواتای ژیانی سروشتی(**) دەکاتەوە. لە بۆچوونی ئەودا، سیستەمی سیاسی مۆدێرن بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵی کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی سروشتی مرۆڤەکان دەدات لە ڕێگەی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانەوە. ئەمەش وای کردووە سنووری نێوان ژیانی سروشتی و ژیانی سیاسی بە تەواوی تێکەڵ ببێت (أغامبين 2015، ص26). تەنانەت ئاگامبێن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە سەردەمی پۆست سیاسەتی ئەمڕۆدا، خودی فەزای دیموکراسی گشتیش ماسکێکە حەقیقەتی ئێمە دەشارێتەوە، کە دواجار هەموومان هۆمۆ ساکەرین. کە دەکەوێتە هێڵی یەکتر بڕینی کوشتنی ڕێگەپێدراو و قوربانی حەرام. کەواتە بایۆ- سیاسەت دوو لایەنی هەیە کە تەنیا دەتوانێت سەر بە دوو فەزای ئایدیۆلۆژی دژ بەیەک بێت: لایەنی کورتکردنەوەی مرۆڤ بۆ ژیانی ڕووت، یان هۆمۆ ساکەر، وەک زیندانییەکانی گوانتانامۆ یان قوربانییەکانی هۆلۆکۆست کە لە هەموو مافێک داماڵراون (مستەفا ٢٠٢٣، ل١٤٦).

یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی تیۆرییەکەی جۆرجیۆ ئاگامبێن ئەوەیە کە هۆمۆ ساکەرەکان، تەنیا پەراوێزخراوێکی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکوو بەشێکی جیانەکراوەن لە سیستەمی سیاسی هاوچەرخ. بە واتایەکی تر، بوونی هۆمۆ ساکەر پێویستییەکە بۆ بەردەوامی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی، چونکە دەسەڵات لە ڕێگەی دروستکردنی ئەم دۆخەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. هەروەها ئاگامبێن باس لە چەمکی (دۆخی ئاوارتە/ State of Exception) دەکات کە پەیوەندییەکی نزیکی بە هۆمۆ ساکەرەوە هەیە. لەم دۆخەدا، دەسەڵات دەتوانێت یاساکان هەڵبپەسێرێت و مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتییان پێشێل بکات، بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی گشتی (أغامبين 2015، ص١٥). ئاگامبێن وای بۆ دەچێت، کە ڕەنگە دۆخی ئاوارتە بووبێتە پارادایمێکی بەربڵاو بۆ جۆرێک ڕەفتار، کە بچێتە خزمەتی ئەو لایەنەی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوەیە.

ئاگامبێن بە تێڕامان لە کێشەی پەیوەندییەکانی فەرمانڕەوا و فەرمانڕەوایی کراو (اَلْحَاكِمِ وَالْمَحْكُوم) تێزەکەی خۆی _هۆمۆ ساکەر_ دادەڕێژێت و، جیاوازییە ڕیشەییەکانی نێوان ژیانی ڕووت و ژیانی سیاسیش لە کۆمەڵگای مۆدێرندا دەستنیشان دەکات. لای ئاگامبێن فەرمانڕەوا هەم دەرگاوانێکە ڕێگری لە هاتنە ژوورەوەی ئەوانی دیکە دەکات بۆ ناو هەرێمەکانی یاسا، هەم مافی دەرکردنی سوبێکتەکانی خۆیشی هەیە (أغامبن 2017، ص٢١). بۆیە ئاگامبێن بە خوێندنەوە بۆ تێزەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی (کارڵ شمیت/ Carl Schmitt)، مەسەلەی فەرمانڕەوایەتی دەخاتەوە بەر باس. شمیت پێی وایە: "خاوەن دەسەڵات ئەو کەسەیە، بڕیار لە دۆخی نائاسایی دەدات" (ئاگامبێن ٢٠١٩، ل١٥). جۆرجیۆ ئاگامبێن لە خوێندنەوەی بۆ ئەو دەقە، پێی وایە ئەوەی لە بابەتی دەسەڵاتدا گرنگە، ئەوە نییە فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی یاسادا بجووڵێتەوە، بەڵکوو دەسەڵاتدار ئەو مافە دەداتە خۆی لە یاسا دەربچێت و دۆخی نائاسایی ڕابگەیەنێت، بە یاساش ڕەفتارە نایاساییەکانی خۆی پاساو بدات (سەرچاوەی پێشوو، ل١٦). لێرەدا کرۆکی دەسەڵات ئاشکرا دەبێت، دەسەڵات هەم توانای دەرچوون لە یاسای هەیە و، بە یاسا پاساوی دەرچوونەکانی دەدات، هەم ئەو مافەش لەوانی دیکە دەسێنێتەوە. بۆیە سەروەر ئەو کەسەیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کێ زیادەیەکی نایاساییە و، بۆ ئەوەش پێویستی بەوە نییە حەق بێت یان ناحەق، چونکە بە یاسا پاساوی ڕەفتارەکانی دەدات.

بەگشتی جۆرجیۆ ئاگامبێن پێی وایە ژیانی مرۆڤ بە سیاسیکراوە، ئەمەش وای کردووە جەستە بە سیاسی بکرێت، بەمجۆرە خودی جەستە بەشێکە لەو شتەی دەسەڵات قۆرخی کردووە. لەناو ئەم تیۆرییە، سەروەریی سیاسی هەوڵێکە بۆ دەستگرتن بەسەر ژیانی تاکەکان. بەم شێوەیە هۆمۆ ساکەر لە کۆمەڵگاکانی ئێمە دەکرێت کوردێک بێت لە کاتی ئەنفال بۆ

---

(**) زۆی، بریتییە لە ژیانی ڕووت، ژیانێک؛ داماڵێنراوە لە هەموو فۆرمێکی سیاسی. بایۆس، ژیانی شایستەی مرۆڤ دەگرێتەوە، ژیانێک؛ داپۆشراوە بە فۆرمە یاسایی و سیاسییەکان، کە مرۆڤ تێیدا شوناسی هاووڵاتییبوون وەردەگرێت (أغامبن 2017، ص١٣).

بەعسییەک، موسڵمانێک بێت لە ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر بۆ ئەمریکاییەک، ڕەشپێستێکی ئەفریقای پێش ماندێلا بێت بۆ سپیپێستێک، ئێزدییەک بێت بۆ داعشێک، جوویەک بێت بۆ نازییەک، یان فەلەستینییەک بۆ ئیسرائیلییەک. ژیانی ئەم کەسانە دەچێتە خانەی ژیانێکی ناچۆنایەتییەوە، ئەم ژیانە ناچۆنایەتییە ئاگامبێن بە (زۆی/ zoe) -ژیانی سروشتی- ناوی دەبات (حەمە ٢٠٢٣، ل٩٦-٩٧). بەمجۆرە ئاگامبێن تێڕوانینی وایە، یاسا توانیویەتی دەسەڵات وا لێ بکات دەستنیشانی ژیان بکات، واتە ئەوەی ژیان دیاری دەکات سیاسەتە، بە سیاسیبوونی ژیانیش دروستکەری سەرەکی هۆمۆ ساکەرە. لە ڕوانگەی ئاگامبێنەوە، ئەزموونی هۆمۆ ساکەر تەنیا تایبەت نییە بە گرووپێکی دیاریکراو، بەڵکوو مەترسییەکە هەڕەشەی لە هەموو هاووڵاتییان دەکات، چونکە لە سیستەمی سیاسی هاوچەرخدا، هەر کەسێک دەکرێت لە ساتێکدا ببێتە هۆمۆ ساکەر.

## باسی دووەم

## مێژووی گەلی کورد وەک هۆمۆ ساکەر

دۆزی کورد، لە ناوەڕۆکدا کێشەی خاک، زمان، کلتوور و شوناسی نەتەوەییە. لەو کاتەی کوردستان دابەشکرا، کوردەکان لە هەموو مافێکی نەتەوەیی بێ بەشکران، حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانەش کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، ئامادە نەبوون بە پێی پرەنسیپەکانی مافی چارەی خۆنووسین، چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد بدۆزنەوە. بەڵکوو بە ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانە، هەوڵیاندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز، دۆزی کورد لە هەموو مۆرکێکی نەتەوەیی بسڕنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەم باسەی توێژینەوەکەمان بۆ تیشک خستنە سەر مێژووی گەلی کورد وەک هۆمۆ ساکەر تەرخان دەکەین. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا، قسە لەسەر مێژووی نکۆڵیکردن لە بوونی شوناسی نەتەوەیی کورد دەکەین. لە داواکراوی دووەمیشدا، تیشک دەخەینە سەر مێژووی بە کۆلۆنیالیزەکردنی کوردستان.

### داواکراوی یەکەم

### مێژووی نکۆڵیکردن لە بوونی شوناسی نەتەوەیی کورد

پرسی کورد لەنێو ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، پرسێکی ئاڵۆز و پڕ کێشەیە. دەیان ملیۆن کورد لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا لەژێر دەسەڵاتێکی نەتەوەیی تونددا دەژین، کە بەردەوام بە شێوازی جیاواز هەوڵی نکۆڵیکردن لە بوونی پرسی کورد دەدەن و، لە ڕێگەی سەربازییەوە بۆ سەرکوتکردنی کورد و توخمە سەرەکییەکانی شوناسی کورد، کاریان کردووە. لە ڕاستییدا هۆکاری ئەم نکۆڵیکردنە لە شوناسی کورد، بۆ ترسی ئەو دەوڵەتانە لە کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز دەگەڕێتەوە. چونکە بەردەوام کورد وەک هەڕەشە لەسەر یەکگرتوویی خاک و ئاسایشی نیشتمانی خۆیان هەژماردەکەن (عەبدولڕەحمان ٢٠٢٤، ل١١١). بۆیە دەکرێت بگوترێت فاکتەرێکی سەرەکی پشت بزاڤ و شۆڕشە کوردییەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەپاڵ بەرگریکردن لە بەرامبەر هەوڵی لەناوبردنی گەلی کورد، جەختکردنەوەش بووە لە بوونی نەتەوەیەکی جیاواز، کە خاوەن شوناسێکی تایبەت بە خۆیەتی و، خوازیاری بەدەستهێنانی مافی سیاسی و ئابووری و کلتوورییە.

هەنگاوەکانی نکۆڵیکردن لە پرسی کورد، لە ڕێگەی لێدان لە توخمە سەرەکییەکانی شوناسی کورد دەستی پێکردووە، وەکوو زمان، کلتوور و مێژوو، کە ئامرازی دروستکردنی هۆشیاریی بە کۆمەڵن و جیاوازیی شوناسی کورد دەسەلمێنن. زمان، توخمی سەرەکیی بەهێزکردن و بنیاتنانی شوناسە، هەر وەک نووسەری فەرەنسی (کلێر کرامش /Claire Kramsch) دەڵێت: "زمان بریتییە لە سیستەمێک لە ئاماژە، کە بەهای کلتووری زۆری تێدایە، ئەو کەسانەی ئاخاوتن بە زمانێکی هاوبەش دەکەن، جیاوازی لەنێوان خۆیان و ئەوانی دیکەدا دەکەن و، زمان وەکوو سیمبولی شوناسی خۆیان سەیر دەکەن" (کرامش ٢٠١٠، ص15). هەوڵەکانی لاوازکردن و نکۆڵیکردن لە شوناسی گرووپێکی دیاریکراو، سەرەتا لە لێدانی زمانەکەیانەوە دەست پێدەکات، هەر وەک چۆن ئەکادیمیستی فیلەندی، (تۆڤێ سکوتناب- کانگاس/ Tove Skutnabb-Kangas)، پێی وایە "بۆ لەناوبردنی زمانێک، یان دەبێت ئەو تاک و گرووپانە لەناوبەریت، کە بەو زمانە قسە دەکەن، یاخود دەبێت لە ڕێگەی گوشاری

جیاوازەوە هەوڵی گۆڕینی زمانی دایکیان بدەیت" (وەرگیـراوە لە: عەبـدولڕەحمان ٢٠٢٤، ل١١٣). ئەمەش ئەوە دەسـەلمێنێت، کە شوناس دەشێت لە ڕێگەی نەهێشتنی ئەو زمانەی کە گرووپێکی دیکە جیاوازی خۆیانی پێ دەسەلمێنن، لاواز بکرێت. جۆرجیـۆ ئاگامبێنیش گرنگی بە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات دەدات لە شیکردنەوەی چەمکی هۆمۆ ساکەردا. لە ڕوانـگەی ئەوەوە، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی دروستکردنی هۆمۆ ساکەر، چـونکە لە ڕێـگەی دیسکۆرسـی سیاسـی و یاسـاییەوە، تاکەکان لە مافە سەرەتاییەکانیان دادەماڵرێن.

مێژووی سەدەی بیستەم، لە هێڵە سـەرەکییەکانیدا بـۆ گەلـی کـورد، هێڵـی گـۆڕانی کـوردە بـۆ کەمینەیەکـی ئیتنـی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک دەوڵەتی دەسەڵاتگەرا. چونکە لەگەڵ هاتنی سیستەمی دەوڵەت- نەتەوە، شوناسی نەتەوەیی دەبێت بە شوناسی باڵادەست، لە ناو ئەم سیستەمە نوێیەشدا پێگەی کورد دەگۆڕێت بـۆ کەمینەیەکـی ئیتنـی. لەم چوارچێـوە سیاسـییە تازەیەدا کوردبوون لە فۆرمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە سەرەکییەکانیدا، دەبێتە بابەتی هێرشکردنەسەر و سنوور بۆ دانان و پەراوێزخستن، تا بە هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوە و لەناوبردن دەگات (قانع ٢٠٢٠). ئەم دۆخە بە ڕێژە و فۆرمی جیاواز لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا لە بەرامبەر کوردەکان بوونی هەبووە. مێژووی ئەم بە کەمینـە بوونە لەنـاو ئەو دەوڵەتـانە، مێژووی بێماف کردن و چەوساندنەوەیەکی ئاڵۆز و فرە جۆرە. لە زۆر کاتدا کوردبـوون وەک چۆن شوێنی بەکەم زانین و بێماف کردن بووە. هاوکات وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی گەورەش سەیری کراوە.

لەم گۆشەنیگایەوە دەبینین هەر لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ نکۆڵیکردن لە شوناسی کورد لە ئاستی جیاواز جێبەجێکراون. لێرەدا تەنیا تیشک دەخەینە سەر دەستوورەکانی کۆماری تورکیا وەک نموونەی نکۆڵیکردن و لاوازکردنی شوناسی کورد. تورکیا لە تەمەنی سـەد سـاڵی دامەزراندنیـدا چـوار دەسـتووری هەبووە، ئەوانیش: دەستووری ساڵانی ١٩٢١، ١٩٢٤، ١٩٦١ و ١٩٨٢. کە لەژێر سایەی ڕژێمی نا-دیموکرات و دۆخی تەواو نائاسـایی نووسراون. ئەگەر لە دوایەمین هەمواری دەستووری تورکیا بڕوانین، کە لە ١٦ی نیسانی ٢٠١٧ پەسەند کرا، لە ماددەی سێیەمیدا هاتووە: "تورکیا وەکوو نەتەوە، بەو خاکەی ئێستا هەیەتی قەوارەیەکی دابەش نەکراوە، زمانی دەوڵەت تـورکییە". لە مـاددەی پێنجەمیش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بـریتییە لە پاراسـتنی سـەربەخۆیی و یەکگرتـوویی خـاکی نەتەوەی تورک (دستور ترکیا 1982/ المعدل 2017). واتە ئەم دەستوورە، دەیان ملیۆن کورد، کە لە سنووری دەوڵەتی تورکیا دەژین، بە نەتەوەی تورک دەناسێنێت، بێجگە لەوەش بەپێی ئەم دەستوورە، یەک زمان لە تورکیا هەیە، کە زمانی تـورکییە. هەروەهـا ئەم دەستوورە لە بڕگەی (١) لە ماددەی (٦٦) ئاماژە بەوە دەکات، هەموو تاکێک بە دەوڵەتی تورکیاوە بەستراوەتەوە، ئەویـش لە ڕێگەی پەیوەندی هاوڵاتیبوونەوە، کە تورکییە (المرجع نفسه). بەمجۆرە هەر کەسێک لە تورکیا بژی، بە هاووڵاتییەکی تورک هەژمار دەکرێت و، هەر چالاکییەک کە ئاماژە بە بوونی شوناسی نەتەوەیەکی دیکەی جـگە لە تـورک بکـات، بە هەڕەشـەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر دەوڵەت و نەتەوەی تورک دەبینرێت.

بەمجۆرە دەبینین، دەسەڵاتدارانی تورکیا لە دەستوورەکەیاندا، کۆمەڵێک سیاسەتیان بۆ نکۆڵیکردن لە بوونی شوناسـی نەتەوەیی کورد پەیڕەو کردووە، بە جۆرێک حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیـا ڕەتیـان کـردەوە، دان بە بـوونی کـورد، وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن شوناسی جیاواز بنێن، هەمیشە بە تورکە شاخاوییەکان دەیانناساندن. بە واتایەکی دیکە، ناسـاندنی کورد، بە تورکی شاخاویی، لووتکەی بە هۆمۆ ساکەر بوونی کـورد و، بە مەترسـی زانینـی شوناسـی کـوردە لە دونیـای سیاسـی هاوچەرخدا، کە دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامی دەدات.

ستراتیژی نکۆڵیکردنی پرسی شوناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیش بوونی هەیە، هەر لەگەڵ هاتنە سەر کـاری بنەمـاڵەی پەهلەوی لە سـاڵی ١٩٢٦، ڕەزا خـان، کە زۆر لەژێـر کـاریگەریی مسـتەفا کەمـال ئەتـاتورک و، سیاسـەتەکانی یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زماندا بوو، هەوڵی دەدا دەسەڵاتی ناوەند بەهێـز بکـات و هەمـوو دانیشـتووانی ئێـران تەنیـا یەک شوناسـیان

هەبێت. هەر بۆیە ساڵی ١٩٣٥، ناوی وڵاتی فارس لەلایەن ڕەزا خانەوە کرا بە ئێران، وەکوو ژێدەرێک بۆ هەموو نەتەوە جیاوازەکان. بنەماڵەی پەهلەوی تاکوو ڕووخانیان، لە هەوڵەکانیان بۆ تواندنەوەی هەموو نەتەوەکان لەنێو یەک شوناس، بە نێوی ئێرانی- فارسی بەردەوام بوون، کە هەمووی لە بەرژەوەندیی نەتەوەی فارسدا بوو (هەردی ٢٠٢٢، ل٤٥).

دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی چڕتر بەردەوامیدا بەهەمان سیاسەت. لە دەستووری بنەڕەتی ئێراندا، نەتەوە جیاوازەکان، وەکوو یەکەیەک هەژمارکراون کە هەموویان یەکسانن و پێکەوە نەتەوەی ئێران پێکدەهێنن، بەڵام بەشێوەیەکی دژ بەیەک. بە جۆرێک نەتەوە نا- فارسەکانی ئێران، تەنیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان یەکسانن، نەک بۆ مافەکانیان. بۆ نموونە لە مادده (١٥)ی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتووە: "زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگە، نووسینە فەرمی و کتێبە دەرسییەکان دەبێت بەو زمان و خەتە بن ..." (دستور إیران 1979/ المعدل 1989). هاوتەریب لەگەڵ ئەم دۆکیۆمێنتە دەستووریە، دەسەڵاتی یاساداناني ئەو وڵاتە، سەرباری ئەوەی هیچ مافێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران دیاری نەکردووە، تەنانەت پۆلێنکردنی نەتەوەکانیش لە ڕووی ئێتنیکی و زمانییەوە بە دابەش کردنێکی ساختە هەژماردەکات (هەردی ٢٠١٩، ل١٣١).

هەر لە چوارچێوەی نکۆڵیکردنی شوناسی کورد، (ئایەتوڵڵا خومەینی)، یەکەمین ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، لە گوتارێکیدا لە شاری قوم، لە ١٧ی ئابی ١٩٧٩، دەڵێت: "... ئەگەر ئێمە پێنووسی بڵاوکراوەکانمان بشکاندایە و، هەموو گۆڤار و حیزبە بەلاڕێداچووەکانمان قەدەغە بکردایە و، سێدارەمان لە مەیدانە گەورەکان بەرپا بکردایە، ئەو زەحمەتیانە نەدەهاتنە پێش. ... دەبێت تەنیا یەک حیزب، حیزبی خودا و هەژارەکان بوونی هەبێت. ... ئەو پیلانگێڕانەی کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی کافراندان، بۆیە دەبێت بە توندترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، لەناویان بەرن ئەو پیلانگێڕان و بەلاڕێداچووانە" (وەرگیراوە لە: هەردی ٢٠١٩، ل٦٥). تەنیا یەک ڕۆژ دوای ئەو گوتارە، ئەنجوومەنی شۆڕش، دەستی بە قەدەغەکردنی حیزب، ڕۆژنامە و ڕێکخراوەکان کرد. یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد و زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان قەدەغە کران. ڕۆژی ١٩ی ئابی ١٩٧٩ بە فەتوایەکی خومەینی، بەرپرس و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان سزای مردنیان بۆ دەرچوو. هەر چەندە ئامارێکی دروست لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی هەندێک سەرچاوە، لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی حیزبە کوردییەکاندا، نزیک بە دە هەزار کەس کوژران (Ward 2009, p232).

بەگشتی دەکرێت بڵێین، مافی کورد لە ڕوانگەی دەستوور و سیستەمی سیاسی ئێرانەوە دانی پێدا نەنراوە. لە بەرامبەردا هەوڵدراوە کورد و نەتەوەکانی دیکە لە شوناسی ئێرانی- شیعیدا بتوێنرێنەوە. هەروەها هەوڵدراوە تا ئەو جێگەی بکرێت کورد لەژێر فەزایەکی دڵەڕاوکێدا ڕابگرن و، جگە لە لەسێدارەدانی چالاکە سیاسییەکان، چالاکییە کلتووری و ڕۆشنبیرییەکانیش قەدەغە بکرێت. هەموو ئەمانە حاڵەتێکی هۆمۆ ساکەرییان بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خولقاندووە.

هەروەها لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ نکۆڵیکردن لە شوناسی کورد لە ئاست و قۆناغی جیاواز پەیڕەوکران. بە جۆرێک لکاندنی باشووری کوردستان لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ بە دەوڵەتی عێراقەوە، گەورەترین بەربەست بوو لە بەردەم گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی. چونکە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ویست و ئیرادەی خۆیان خرانە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێ و، بە زۆرە ملێ ناسنامەیەکی دیکەیان بە سەردا سەپێنرا، بە بێ ئەوەی تایبەتمەندی نەتەوەیی و کلتووری و مێژووییان لە بەرچاو بگیرێت (شکری ٢٠٠٨، ل٧).

لە مێژووی سەد ساڵەی دەوڵەتی عێراقدا، لەپاڵ ڕەچاونەکردنی مافەکانی کورد و، دژایەتی کردنی شۆڕشەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، گەلی کورد ڕووبەڕووی پرۆسەی ئەنفال، کیمیاباران، ڕووخاندنی گوندەکان و ڕاگوێزانی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان و کۆڕەوی ملیۆنی بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا بوونەوە. کورد لەنێو دەوڵەتی عێراق، سەدەیەکە دووچاری بێمافی، ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی بووەتەوە، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە، بۆ چەسپاندنی

دەسەڵاتی ناوەندی لە هەوڵی پەراوێزخستنی زیاتری گەلی کورد بوون. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ش سەرباری ئەوەی کوردەکان بەشداری سەرەکی بوون لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقی فیدراڵ، بەڵام ئەم هەوڵەش بۆ بنیاتنانی ژیانێکی ئاشتییانەی دیموکراسی لەگەڵ عێراق سەرکەوتوو نەبوو (بارزانی ٢٠٢١، ص94). بەمجۆرە دەبینین دەسەڵاتدارانی عێراق، لە چەندین قۆناغی مێژووی جیاوازدا، مامەڵەیەکی هاوشێوەی هۆمۆ ساکەریان لەگەڵ گەلی کورد لە باشووری کوردستان کردووە.

لە مێژووی دەوڵەتی سووریاشدا، کوردەکان قوربانیین و هەمیشە وەکوو مەترسی لەسەر یەکگرتوویی خاکی سووریا سەیرکراون. سیاسەتی نکوڵیکردن لە پرس و شوناسی کورد لە سووریا زیاتر لە پرۆسەی تەعریبکردن و بێبەشکردنی کورد لە ناسنامە و دابەشکردنی زەوییەکانیان بەسەر عەرەبدا ڕەنگی داوەتەوە. ستراتیژی ڕژێمی حوکمڕانی ئەو وڵاتە لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوا، هەوڵدان بووە بۆ توانەوەی شوناسی کورد لە ڕێگەی بێ ناسنامە کردنی کورد و داگیرکردنی خاکەکەیان. ئەم ستراتیژە بۆ یەکەم جار لەلایەن (محمد طلب هلال)(*) پێشنیازکرا، پێشنیازەکانی طلب هلال بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە توانەوەی شوناسی کورد لە ناوی شوناسی یەکێتی عەرەبی لە هەر سێ ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی بەستبوو. پێی وابوو، کورد بەرهەمی کۆڵۆنیالیزمن و، دەبێت پیلانێکی ورد بۆ سڕینەوەی مەترسی نەتەوەی کورد لەسەر نەتەوەی عەرەب هەبێت (عەبدولڕەحمان ٢٠٢٤، ل121). بۆیە پرۆژەیەکی دوازدە خاڵی بۆ لەناوبردنی مەترسی کورد پێشکەش کرد، کە هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێگەی مەرسومی کۆمارییەوە بەشێوەیەکی سیستەماتیک جێبەجێکران. ئەم پرۆسەیە بووە مایەی بێبەشکردنی زیاتر لە سەدان هەزار کورد لە ناسنامە. پێنەدانی ناسنامە واتای بێبەشکردنی کوردەکان لە هەموو مافێکی سیاسی و مەدەنی و ئابووری، وە ناساندنیان وەکوو خەڵکانێکی بیانی، کە دەبێت کەنارگیر بکرێن، چونکە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت مەترسیین. ئەمەش کرۆکی کردنی کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە بە مرۆڤێک کە هەڵگری سیماکانی هۆمۆ ساکەرن.

### داواکراوی دووەم
### مێژووی بە کۆڵۆنیالیزەکردنی کوردستان

کاتێک باس لە کۆڵۆنیالیزم دەکرێت، ڕەنگە تەنیا بیرمان بەرەو لای شێوازێکی کلاسیکی کۆڵۆنیالیزم بڕوات، کە تێیدا وڵاتێکی وەک شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا لە ئەورووپاوە دێت و وڵاتێکی وەک هیندستان لە کیشوەری ئاسیا بەکۆڵۆنی دەگرێت. واتە هەم مەودایەکی دوور لەم کۆڵۆنیالیزمەدا دەبینرێت، هەم وڵاتی هیند پێش ئەوەی بەریتانیا بە سەریدا زاڵ ببێت لەسەر نەخشەی وڵاتان بوونی هەبووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کاتێک کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە فەرمی نەناسراوە، دەتوانین بە کۆڵۆنی ناوی ببەین؟ لێرەدا بەم شێوەیە ئارگیومێنت دەهێنینەوە: ئەگەر مەبەست و ئامانج لە پرۆسەی کۆڵۆنیالیزم، هاوتەریب لەگەڵ داگیرکردنی شوێنێک، بەکارهێنانی ئەو ناوچەیە بێت بۆ بەرژەوەندی وڵاتە کۆڵۆنیالیستەکە، ئەوا دەکرێت بڵێین، لە ناوخۆی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بەکۆڵۆنی کراوە.

---

(*) محمد طلب هلال، لە دەیەیی شەشەم و حەوتەمی سەدەی ڕابردوو، وەک جێگری سەرۆکوەزیران، وەزیری کشتوکاڵ و پیشەسازی لەنێو حکوومەتی سووریا کاری کردووە. خاڵە سەرەکییەکانی نێو ستراتیژی طلب هلال بەرامبەر بە کوردەکانی ڕۆژئاوا، کە دواتر بە ستراتیژی "پشتێنەی عەرەبی" ناسێنرا، بریتی بوو لە: ستراتیژی نەخوێندەواری لە ناوچە کوردییەکان، سیاسەتی کۆچکردنی بە زۆری و بڵاوە پێکردنیان، بێبەشکردنی پێدانی ناسنامە بۆ دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان، نەهێشتنی دەرفەتەکانی کارکردن لە شارە کوردییەکان، ئەنجامدانی کەمپینی بەرفراوان لە ئاستی گشتی بۆ ناساندنی کورد وەک مەترسی، هەوڵدان بۆ دروستکردنی شەڕی ناوخۆیی لەنێوانیان، بردنی عەرەب بۆ ناوچە کوردییەکان و دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیارانی عەرەب. ناوچەی باکووری جەزیرە بکرێتە ناوچەیەکی سەربازی، ڕێگەدان بە پراکتیزەکردنی دەنگدان و هەڵبژاردن تەنیا بۆ ئەو کەسانەی بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن (هلال ١٩٦٣، ل7).

بەو پێیەی هەر کام لەو چوار وڵاتە، کوردستانیان وەک کۆڵۆنییەکی ناوخۆیی بە مەبەستی گەشەسەندنی ناوەندی وڵاتەکەی خۆیان بەکارهێناوە. واتە، کاتێک ئەم دەوڵەت- نەتەوانە ساز بوون، لەبەر گەشەسەندنی خۆیان پێویستیان بوو هەندێک لە ناوچەکانی ناو وڵاتە نوێیە دەستکردەکەی خۆیان بە کۆڵۆنی بگرن. هاوکات بە هەمان ئەندازە ناوچە ناوەندییەکانی ئەو چوار وڵاتە گەشەی دەسەند، کوردستان وەک ناوچەیەکی بەکۆڵۆنیکراو بەرەو گەشەنەکردنێکی سیستەماتیک هەنگاوی دەنا (ئەردەڵان ٢٠١٩ أ، ل٣٤). بەمەش کۆڵۆنیالیستەکان لە ڕێگەی بەکۆڵۆنی کردنی کوردستان لە لایەک و، کەڵک وەرگرتن لە هێزی کار، سەرچاوە سرووشتی و ماددییەکانی لە لایەکی دیکەوە، کوردستانیان وەک ناوچەیەکی دواکەوتوو لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە هێشتووەتەوە.

هەر لەبارەی بە کۆڵۆنیالیزەکردنی کوردستانەوە، نووسەر و سیاسەتمەداری کورد (عەبدولڕەحمان قاسملوو)، لە پەرتووکی (کوردستان و کورد)، دەڵێت: "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاکوو ئێستاش هەندێک مەڵبەند لەژێر دەسەڵاتی ئیستیعماردا ماون. تەنیا نەتەوەیەکی گەورەی ئەو مەڵبەندە کە تا ئێستا ڕزگار نەبووە و، لە مافی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی سیاسی بێبەشە، نەتەوەی کوردە. بۆیە باری سیاسی کوردستان زۆر لەوە نزیکە کە بە موستەعمەرە ناوببرێت" (قاسملوو ٢٠١٤، ل٣٢٥). هەروەها نووسەر و کۆمەڵناسی تورک (ئیسماعیل بێشکچی/ İsmail Beşikçi)، لە کتێبێکی دا بە ناوی (کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی)، دەڵێت: "نابێت باس لەوە بکەین کە کوردەکان لە وڵاتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، کەمینەن. بەڵکوو ئەوان لەسەر خاکی خۆیان زۆرینەن و، لەبەر سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەت نەتەوانەی کە لە خزمەت ئیمپریالیزمدان چەوساوەوە و بەکۆڵۆنی کراون" (بێشکچی ٢٠٠٢، ل٣٨-٣٩).

لە ماوەی سازبوونی هەر چوار دەوڵەت نەتەوەکەدا، کوردستان وەک کۆڵۆنییەک بۆ هەر کام لەم چوار وڵاتە سەیر کراوە، هەرچەند لە هەر کام لەو وڵاتانە چەندین حکوومەتی جیاواز و تەنانەت بە ئایدیۆلۆژیای تەواو دژ بە یەک حوکمڕانییان کردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین، بەکۆڵۆنی کردنی کوردستان و بندەستبوونی نەتەوەی کورد، خاڵی هاوبەشی هەموویان بووە. تەنانەت ئەگەر هەندێک لە حکوومەتەکان، وەکوو حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدان -٢٠١٠ تا ٢٠١٤- و ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران -١٩٩٧ تا ٢٠٠١-، ویستوویانە بە ڕواڵەت نیشانی بدەن کە دەیانەوێت بۆ پرسی کورد لە وڵاتی خۆیان چارەسەرییەک بدۆزنەوە، بەڵام دۆخی کۆڵۆنیالیزم درێژەی هەبووە (ئەردەڵان ٢٠١٩ أ، ل٣٥). بەمجۆرە دوابەدوای سازبوونی دەوڵەت– نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا جگە لە پەراوێزخستنی نەتەوەی کورد، کوردستانیان بە کۆڵۆنی گرت تا لە ڕێگەیەوە پرۆژەی گەشەسەندنی وڵاتەکەیان خێراتر بکەن. هەر بۆیە هێزی مرۆیی و سەرچاوە نیشتمانییەکانی کوردستانیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند بەکار دەهێنا.

بووژانەوەی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، لە بەرامبەر گەشەنەسەندنی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە تورک و فارس و عەرەبەکان، دوابەدوای سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لە فیکری ئەوەدا بوون کە چۆن خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و سەربەخۆ بن، تاکوو لە دۆخی گەشەنەسەندوویی ڕزگاریان ببێت. لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتانە خۆیان لە پەراوێزی ئابووریی جیهانیدا بوون، بۆیە کوردستانیان وەک ناوچەیەکی بە کۆڵۆنیکراو لە پەراوێزی خۆیاندا بەکارهێنا، تاکوو وەک پەیژەیەک کەڵکی لێوەرگرن و گەشە بکەن. بۆ ئەمەش نەوت و کانزاکانی کوردستان، ماددە خاوێکی پڕ بەهایان بۆ کارخانەکانی ئەو وڵاتانە دابین کرد (ئەردەڵان ٢٠١٩ ب، ل٤٣). بۆ نموونە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، نەفتخانە، تەق تەق، بازیان، خورمەڵە، تاوکێ، کۆرمۆر لە باشووری کوردستان. چەمەرلو، گارزان، ئیکزتەپە، باتی کوزلوجە، باتی ڕامان، دنچەر، ئادیامان دیاربەکر و مێردین لە باکووری کوردستان. کێڵگە نەوتییەکانی نەوتشار، چەنگولە، سۆمار، ئازەر، داڵپەری، دێهلۆران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ڕۆمێلان و حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ چەندین جۆر کانزای گرنگی وەک ئاسن، زێڕ، زیو، قورقوشم لە ژێر مۆنۆپۆلی دەوڵەت نەتەوەکانی کۆڵۆنیالیستی کوردستاندا بوون. سەرەڕای ئەمانە، کوردستان

سەرچاوەی ئاوی گرنگترین ڕووبارەکانی ناوچەکەن، لە نموونەی دیجلە، فورات، ئاراس، قزل ئوزەن، کەرخە و کارون. بەتایبەت تورکیا و ئێران بە سازکردنی دەیان بەنداوی لەسەر سەرچاوەکانی ئەم ڕووبارانە، دەیانەوێت کەڵکی سیاسی لە ئاو وەرگرن و، وەک کارتی گوشار بۆ سەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەکاری بێنن (سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤). واتە لە پاڵ هۆکارە سیاسییەکان، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پشت پرۆسەی بە کۆڵۆنیکردنی کوردستان، هەبوونی بڕێکی زۆر لە سامانی سروشتی و کەرەستەی خاوی پڕ بەها بووە لە کوردستاندا.

هەر وەک ئاماژەمان پێدا، بە گۆڕانی حکوومەت و ڕژێمەکان لەم وڵاتانە، دۆخی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە. چونکە لە ڕاستیدا ئەم دەوڵەت نەتەوانە لەسەر بنەمای پەراوێزخستنی کوردستان و نەتەوەی کورد ساز کراون. تایبەتمەندییەکانی دۆخی بە کۆڵۆنیبوونی کوردستان، بریتین لەوەی کە دەوڵەتی ناوەندی نفووزێکی باشیان لە ناوچە پەراوێز خراوەکان هەیە و، کوردستانیان وابەستەی خۆیان کردووە. شێوازەکانی بەرهەمهێنان، پێکهاتەیەکی ئابووریی ناهاوسەنگی لەنێوان ناوەند و کوردستان ساز کردووە (بێشکچی ٢٠٠٢، ل٤٥). هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردستان نەتوانێت خاوەنی ئابوورییەکی خۆبژێوی بێت و، لاسەنگی گەشەی ناوەند و کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر پەیوەندی نا-هاوسەنگی سیاسی ئەو دوو ناوچەیە دابنێت.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، بە کۆڵۆنی کردنی هەندێک ناوچە لە ناو سنووری دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا، بە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی ناو دەنرێت. جیاوازی ئەم جۆرە لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی دەرەکی لەوەدایە، سەرچاوەی چەوساندنەوە و کۆنترۆڵ کردن لەمەیاندا لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەتە، بەڵام لە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەدایە. بۆیە پێمان وایە هەر چوار پارچەی کوردستان لە باکوور، ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوا، لەلایەن دەوڵەت نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریاوە وەک ناوچەیەکی بە کۆڵۆنی کراو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە. وە دەکرێت ئەوەش بگوترێت لە دوای سازکردنی ئەم دەوڵەتانە، کوردەکان پەراوێز خران و لە ڕووی سیاسییەوە بەشدارییەکی بەرچاویان لە ناوەندی بڕیاردانانی حکومەتەکان پێ نەکرا. هاوکات کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی- جوگرافیایی تێکەڵ بەم دەوڵەتە نوێیانە کرا.

## باسی سێیەم

## فاکتەرە کاریگەرەکانی پشت بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەر لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا

هەر مرۆڤێک، یاخود هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی بۆ ئەوەی بکەوێتە خانەی هۆمۆ ساکەر، دەبێت کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکاری کارتێکەر بوونی هەبێت. بۆیە ئەم باسە هەوڵدەدات هەڵوێستە لەسەر فاکتەرە کاریگەرەکانی پشت بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەر لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا بکات. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا، قسە لەسەر بە ئەمنیکردنی پرسی کورد لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دەکەین. لە داواکراوی دووەمیشدا، تیشک دەخەینە سەر نا-ئامادەیی کورد لەنێو پارادایمەکانی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

### داواکراوی یەکەم

### بە ئەمنیکردنی پرسی کورد لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە

لە سادەترین مانادا، مەبەست لە (بە ئەمنیکردن/ Securitization)، بریتییە لە دەستنیشانکردنی پرسێک، گرووپێک، یاخود نەتەوەیەک وەک هەڕەشە لەلایەن دەستەبژێری سیاسی دەوڵەت، بەوەی کە دڵسۆزی ئەو نەتەوە و گرووپە بۆ وڵات دەخاتە ژێر پرسیار و، دژ بە بەهاکانی دەوڵەت و نەتەوەی سەردەست نیشانی دەدات، ئەمەش وەک هەڕەشە لەسەر یەکێتیی خاک و نەتەوە وێنای دەکەن. ئیدی گرووپە بەئامانجگیراوەکە وەک کۆسپێک دەبینرێت لەلایەن دەوڵەت و نەتەوەی سەردەست لەپێش پرۆسەی وەکیەکردن (Homogenization)ـی دەوڵەت- نەتەوە (Waver 1995, p55). بە ئەمنیکردن

سەرچاوەی لە تێگەیشتنێکی ڕیالیستەکان بۆ سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەڵهێنجاوە، کە پێی وایە مانەوەی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکەکەی گرنگترین ئامانج و ئەرکی دەوڵەتە. لەم سۆنگەیە دەوڵەت ئامادەیە هەموو یاسا و ڕێساکان بشکێنێت لە پێناو پاراستنی خۆی و مانەوەی و لەناوبردنی نەیارەکانی.

لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت مامەڵەکردنی ئێران لەگەڵ بە ئەمنیکردنی پرسی کورد، بەسەر دوو قۆناغ دابەش بکرێت. قۆناغی یەکەم، سەردەمی شا، لەم قۆناغەدا هەموو جیاوازییەکی نەتەوەیی نادیدە دەکرا و، دەوڵەت لە هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی وەکیەکدابوو، کە تێیدا هەموو جیاوازییەکان لە بۆتەکەی نەتەوە و کلتووری سەردەستی فارسەکان، دەتواندەوە. بەتایبەتی ڕەزا شای باوک، بوونی جیاوازییەکانی وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی میللەت و گەلی ئێران دەدی و، لەسەر ئەو بنەمایەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. قۆناغی دووەم، لە ڕووخانی شا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە دەست پێ دەکات. لەم قۆناغەشدا دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی، تەنیا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی دەناسێنێت. دەوڵەت جیاوازییە نەتەوەییەکان وەک هەڕەشە و ئاڵنگاریی ئەمنی لەسەر سەروەریی و یەکپارچەیی ئێران و ئەو نیزامەی کە جمهوری ئیسلامی دەیەوێت لە ناوچەکە بەرقەراری بکات، دەبینێت. هەروەها سوننیبوونی بەشێکی زۆری کوردانی ڕۆژهەڵاتیش هێندەی دیکە پرسی کوردی لە ئێران ئاڵۆزتر کردووە (کرمانج ٢٠٢٢، ل٧٨-٧٩). واتە بێجگە لە شوناسی نەتەوەیی، حکوومەت شوناسی مەزهەبیشیان وەک هەڕەشە لەسەر شوناسی مەزهەبیی نەتەوەی سەر دەست وێنا دەکات.

سەرەڕای سەرکوتکردنی بزووتنەوە کوردییە چەکدارییەکان لەو وڵاتە، لە کۆتاییەکانی ١٩٧٨ـەوە، ناوچە کوردنشینەکان لەڕێگەی ئەحکامی عورفییەوە بە ڕێوە دەچن، دەسەڵاتی دامەزراوە ئەمنییەکانی وەک سوپا، پاسداران، بەسیج و ئیتلاعات باڵادەست و یەکلاکەرەوەی پرسەکانن تێیدا. بە سەربازگە کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشاندانی ئامادەیی هەمیشەیی دەوڵەت و دامەزراوەکانیەتی و، دەرخەری ئەوەن کە ئێران پرسی کوردی کردووە بە پرسێکی ئاسایشی و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. لە مێژووی نوێشدا تاوانبارکردنی (زارا محەمەدی) کچە کوردێکی نیشتەجێ لە سنە، بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و، سەپاندنی دە ساڵ زیندانی تەنیا لەبەر ئەوەی ڕێکخراوێکی پێکهێناوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکانی کرماشان و لوڕستان، لەگەڵ فێرکردنی خۆبەخشانەی منداڵانی کورد بە زمانی دایکیان، هیچ گومانێک لەسەر بە ئاسایش کردنی پرسی کورد لە ئێران ناهێڵێتەوە.

هەروەها کۆماری تورکیاش، لە ناساندنی کورد وەک مەترسی بۆ سەر نەتەوەی تورک و، بە ئەمنیکردنی پرسی کورد، بەردەوام بووە. بۆ نموونە لە چوارچێوەی شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا، (تورگت ئۆزال/ Turgut Özal) سەرۆککۆماری پێشووتری تورکیا، لە نامەیەکیدا بۆ (سولەیمان دەمیرێل/ Süleyman Demirel) سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئەو وڵاتە لە ١٧ی نیسانی ١٩٩٣، دەڵێت: "کۆماری تورکیا لە مێژووی خۆیدا ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشە دەبێتەوە، ئەوەی ڕوو دەدات بوومەلەرزەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەیە، کە ڕەنگە ببێتە مایەی کەرتبوونی بەشێک لە جەستەی خاکی تورکیا، ئاگرێکە هەموومان دەسووتێنێت" (وەرگیراوە لە: عەبدولڕەحمان ٢٠٢٤، ل126). ئۆزال لەو نامەیەدا، داکۆکی کوردەکان بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەییان، وەک گەورەترین هەڕەشەی ئاسایشی تەماشا دەکات و، داخوازی لەناوبردنی ئەو هەڕەشەیە دەکات. ئەم هەڵمەتە بۆ بە ئەمنیکردنی پرسی کورد لە ئاستی جیاواز لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێکراوە و، هەوڵدراوە تاک و کۆمەڵگای تورکی تێگەیەنن، کە کوردەکان لەسەر مانەوە و یەکگرتوویی خاک و زمانی تورک هەڕەشەن.

عێراقیش هاوشێوەی دەوڵەتانی دراوسێی، کوردەکان وەک هەڕەشەیەکی ئاسایشی دەبینێت لەسەر یەک پارچەی خاک و سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا، پرۆسەی بە ئەمنیکردنی پرسی کورد لە عێراق لە فۆرمی جیاوازدا پەیڕەو کراوە، بەڵام پرۆسەکە لە چوارچێوەی ئەنفال دەگاتە لووتکە، ئەنفال لەگەڵ ئەوەی پرۆسەیەکی تەواو توندوتیژ و بەرفراوانە لە ئاستی

سیاسی، ئـابووری و سـەربازی، هەڵمەتێکی گشتگیریشـە بـۆ سـڕینەوەی شوناسـی نەتەوەیـی، زمـان، کلتـووری کـورد، کە لە نەتەوەی حوکمڕان جیاوازە. ئامانج لەم پرۆسەیە، سەرەتا لەناوبردنی خەباتی چەکداریی بزووتنەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بـوو لە دژی ڕژێمـی بەعـس، بەڵام لە دوایـدا بە ئەنـدازەیەک فـراوان بـوو خەڵکـی سـڤیل، ژێرخـانی مرۆیـی و ئـابووریی کوردستانیشی کردە ئامانج. ئەنفال؛ ستراتیژییەتێکی درێژخایەن بوو بۆ توانەوەی شوناسی کورد. کە لە پێشمەرگەوە دەستی پێ کرد، پاشان بۆ خاپوورکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان لە ڕووی ئـابووری و خزمەتگوزارییەوە درێـژەی کێشـا (عیسـا و صدیق 2024، ل٣٤٨). مامەڵەکردنی حیزبی بەعس لە پرۆسەی ئەنفال، مامەڵەکردنێکی تەواو ئاساییشیانەیە لەگەڵ پرسی کورد و، هەوڵدان بوو بۆ ناساندنی کورد بە دوژمنی یەکگرتوویی خاکی عێراق.

لە مێژووی نوێی عێراقیشدا، هەمان وێناکردنی کورد، وەکوو مەترسی بـۆ دابەشـکردنی عێـراق بـوونی هەیە، باشـترین نموونەش دۆخی پارێزگای کەرکووکە. کاتێک سوپای عێراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بڕیار دەدات لە ڕێـگەی هێـزی سـەربازی، دەسەڵاتی ناوەنـدی بگەڕێنێـتەوە کەرکـووک، کۆمەڵێـک کـردار، لێـدوان و گفتوگـۆ هەن، دەری دەخەن عێـراق لە سـەردەمی هاوچەرخیش هەمان تێڕوانینی ئاساییشیانەی بۆ پرسی کورد هەیە، چونکە هێرشی سەربازی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک لە ١٦ی ئۆکتۆبەر، بریتییە لە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی بۆ لاوازکردنی کورد و ڕەمزەکانی شوناسـی کـورد لەو پارێزگایە. بۆ وێنە (حەیدەر عەبادی) سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق، لە ساڵڕۆژی ١٦ ئۆکتۆبەر، کۆمەڵێک دەسـتەواژە دەخاتە ڕوو، کە پیشانی دەدات ئاڵا، خاک، پێشمەرگە ئامرازی مەترسیدارن بۆ سـەر دەوڵەتـی عێـراق و، پێویسـتە لە ڕێـگەی هێزەوە ئەو سەرچاوەی مەترسییە لەناو ببرێت (عەبدولڕەحمان ٢٠٢٤، ل١١٧). ئەم گوتارە، دەرخەری ئەو واقیعەیە، کە پرسـی کورد لە زۆربەی قۆناغەکان لە عێراق وەکوو پرسی ئاساییشی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

لە کۆماری عەرەبیی سـووریاش، هەمـان تێـڕوانین بـۆ پرسـی کـورد هەیە، کوردەکـانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان قوربـانی پرۆسەی بە ئەمنیکردنن و، هەمیشە وەکوو مەترسییەک لەسەر یەکگرتـوویی خـاکی سـووریا تەماشـا کـراون. حکوومەتەکـانی دیمەشق لەو وڵاتە، میتۆدی هاوشێوەی دراوسێکانیان لە بەرامـبەر کوردەکـان پەیـڕەو کـردووە، لە نمـوونەی: نکـۆڵیکردن لە شوناس و ناسنامەی کوردی، دژایەتیی کوردبوون، چەوساندنەوە، پێکهێنانی پشتێنەی ئەمنی، ڕاگواستنەوەی دانیشـتووان، لە هەندێک باریشدا پاکتاوی نەژادی (ئۆفرا ٢٠١٧). بەگشتی دەکرێت بڵێین، سەد ساڵی سەرکوتکەری گەورە بۆ لێدان و لەناوبردنی زمان، کلتوور و شوناسی کـورد، بەشـێک بـووە لە ئەجێنـدایەکی گەورەتـر، ئەویـش نەهێشـتنی بەربەسـتی کـوردە لە بەردەم دروستکردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا. بۆ بەدیهێنانی ئـەم ئامانجەش، بە ئەمنیکـردن و بە مەترسی ناساندنی کورد لە بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگا و، هەوڵدان بە شێوازی نائاسایی بۆ لەناوبردنیان، بە لای خۆیانەوە باشترین و گونجاوترین ستراتیژ بووە، کە جێبەجێ کراوە. بەمجۆرە تێڕوانینمان وایە، بە ئەمنیکردنی پرسـی هەر کۆمەڵگـایەکی مرۆیـی بەگشـتی و، پرسـی کوردەکـان بەتـایبەتی لەلایەن ئەو دەوڵەتـانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە، فـاکتەرێکی کاریگەری پشت بوونی کوردە وەک هۆمۆ ساکەر لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

### داواکراوی دووەم

### نا-ئامادەیی کورد لەنێو پارادایمەکانی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

لە دیدگەی بیرمەندی ئەمریکی، (تۆماس کۆهن/ Thomas Kuhn)، پارادایم (Paradigm) بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسـا، بیروباوەڕ، گریمانە، تیۆر و پێوەر. کە ڕێنوێنی توێژەران دەکات، چ پرسێک؛ بابەتێکی گرنگە و پێویسـتە لێکـۆڵینەوەی لەسـەر ئەنجامبـدرێت (کـون 2007، ص٣٩). ئـێمەش مەبەسـتمانە لەم داواکـراوەدا بـاس لە نـا-ئامـادەیی کـورد لەنێـو پـارادایمە بنەڕەتییەکانی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بکەین، کە خۆی دەبینێتەوە لە تیۆری پەیوەنـدییە نێودەوڵـەتییـەکان و یاسای نێودەوڵەتی گشتی. گوومان لەوەدا نییە کە بیرمەندانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیهانی، هاوڕا نین لەسەر ڕۆڵ و پێگەی

نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە کارلێکە جیهانییەکاندا، بەشێکی زۆریان پێیان وایە سەرباری هەموو گۆڕانکارییەکان، هێشتا دەوڵەت وەک ئەکتەری سەرەکی لە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ماوەتەوە.

ڕیالیزم (Realism theory)؛ وەک قوتابخانەیەکی گەورە و گرنگی تیۆریی، لەنێو بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە هەر دوو لقە سەرەکییەکەیەوە _ڕیالیزمی کلاسیك و نوێ_، لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراوە، کە پێی وایە دەوڵەتان، تاکە ئەکتەری نێو سیاسەت و سیستەمی جیهانین. لەم نێوەندەشدا ڕۆڵی هێزە گەورەکان گرنگترە. بۆیە ئەو دەوڵەتانە بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زاڵن کە ڕێژەیەکی زیاتر هێزیان لە بەردەستە (کامیسۆ 2019، ل24). واتە بە بڕوای ڕیالیستەکان، دەوڵەتان تاکە ئەکتەری گۆڕەپانی جیهانین کە بەدوای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیانەوەن. لە دیدگەی بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیەوە دەکرێت پێناسەی بەرژەوەندی نیشتمانی بکرێت لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هێز لە پێناو مانەوە. لێرەوە دەکرێت گرنگترین گریمانە تیۆرییەکانی ڕوانگەی ڕیالیزم لەم خاڵەدا کورت بکەینەوە: "دەوڵەتان؛ ئەکتەری سەرەکی، بەهێز، یەکگرتوو، ڕێکخراو و عەقڵانین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی جیهانییدا" (إلیاس و ستش ٢٠١٦، ص72).

بەگشتی دەکرێت بڵێین، تەواوی ڕیالیستەکان، بە کلاسیک و نوێیەکانەوە پێیان وایە، دەوڵەت ئەکتەری بەهێز و سەرەکییە لەسەر شانۆی سیاسی نێودەوڵەتی. لە ڕوانگەی بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیەوە، دەوڵەت وەك چەقی هەموو گرنگییەکان لە لایەک و سەروەری و هێزیش وەك داینەمۆی دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە سەیر دەکرێت. واتە ڕیالیزم گرنگییەکی زۆر بە دەوڵەت دەدات، پێی وایە دەوڵەت بەرزترین دەسەڵاتە لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا. لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو پرەنسیپانەی ڕیالیزم، دەکرێت بڵێین قوتابخانەی ڕیالیزم، بە هەموو ڕێچکە و ئاراستەکانیەوە پێیان وایە ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان هیچ پێگە و ڕۆڵێکیان لە سیستەمی هەرێمی و نێودەوڵەتییدا نییە.

هەروەها لەڕوانگەی بیرمەند و نووسەرانی قوتابخانەی ئینگلیزییەوە (The English School Theory)، کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لەسەر بنەمای ئۆردەر (نەزم)، نەك دادپەروەری مامەڵەی لەگەڵ ئەکتەرەکانی نێو ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا کردووە. بەپێی پرەنسیپەکانی قوتابخانەی ئینگلیزیش، پاراستنی نەزم و ڕێکوپێکی پێویستی بەوەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێز لە سەروەری دەوڵەتان بگرێت و دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتاندا نەکرێت (Little 2000,p395). بۆ نموونە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هۆکار و پاڵنەری پاراستنی نەزم و سەقامگیریی وڵاتانی ناوچەکە، مامەڵەی لەگەڵ گەلی کورد کردووە. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت هەمیشە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پابەندبوون بە پرەنسیپی دەستوەرنەدان و ڕێزگرتن لە سەروەری تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا گرنگتر و لە پێشتربووە، لە پاراستنی گەلی کورد لەو ستەم و چەوساندنەوەیەی کە بەخۆیەوە بینیویەتی لەسەر دەستی هەریەك لەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە (حەمە ٢٠١9، ل١٢0).

بەگشتی دەکرێت، پشتیوانی نەکردن لە سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد و، پاڵپشتی نەکردن لە تەواوی جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردستانیان، لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، وەک نموونەیەکی دیار و بەرچاوی مامەڵەیەکی ئۆردەرییانە ئاماژەی بۆ بکرێت. لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت بڵێین، قوتابخانەی ئینگلیزیی، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، وەکوو ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نا-ناسێنێت، لەبەر ئەوەی تەنیا دەوڵەتانی خاوەن سەروەری وەک ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. وە هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش لە دیدگای ڕێچکەی فرەیی- نەزم و پاراستنی نەزمی نێودەوڵەتی لەگەڵیاندا مامەڵە دەکات، بە واتای ئەوەی زۆر نایان دوێنێت.

هەرچی سەبارەت بە پارادایمی یاسای نێودەوڵەتی گشتییە، دەکرێت بڵێین، بەگوێرەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، هەموو بکەرێکی نێودەوڵەتی پێویستە کەسایەتی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ ئەکتەرەکانی تر بە ئامانجی بەدیهێنانی پێگەیەکی باش و پارێزراو لە سیاسەتی جیهانییدا دروست بکات (العطیة ٢٠١٦،

ل٢٦١). لەم چوارچێوەیەدا زیادە ڕەوی کردنە ئەگەر پێمان وابێت نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، هاوشێوەی دەوڵەتانی سەربەخۆ، خاوەن کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتین. بەگشتی دەکرێت بڵێین، نەبوونی پشتیوانی ڕوون لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی گشتییەوە بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، ڕووبەڕووی ئەو جۆرە ئاڵنگارییەیان دەکاتەوە کە چالاکی و پەیوەندییەکانیان دەکات بە پەیوەندی کاتیی و تێپەڕ، هەموو ساتێک ئەگەری کۆتاییپێهێنانی هەبێت. بۆیە پێمان وایە، بۆچوون و تێڕوانینی زاڵ ئەوەیە کە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و لە نێویشیاندا کوردەکان، خاوەنی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی نین. لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت بڵێین، نا-ئامادەیی کورد لەنێو پارادایمە بنەڕەتییەکانی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و، پارادایمی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی گشتی بەتایبەتی، فاکتەرێکی کاریگەری خولقاندووە لە پشت بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەرێک لە کایەیی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

## باسی چوارەم

## لێکەوتەکانی هۆمۆ ساکەربوون لەسەر کورد و کوردستان

ئەگەر لە هزری سیاسی و یاسایی ڕۆمانییەکاندا لێکەوتەکانی تیرمی هۆمۆ ساکەر لەسەر تاک، بێماف کردن و دوورخستنەوەی بوویێت لە کۆمەڵگای مرۆیی و خودایی، ئەوا پێمان وایە لە سەردەمی سیاسی هاوچەرخدا گرنگترین لێکەوتەکانی پرۆسەی هۆمۆ ساکەربوون لەسەر کورد و کوردستان، لە دوو شێوازی سەرەکییدا خۆی وێنا دەکات، ئەوانیش: هێشتنەوەی گەلی کورد لە دەرەوەی مێژوو، لەگەڵ کردنی کوردستان بە ناوچەیەکی تێرا نولیۆس. هەر بۆیە لە چوارچێوەی دوو داواکراوی ئەم باسەدا هەوڵ دەدەین لەسەر ئەم دوو بابەتە بدوێین.

### داواکراوی یەکەم

### هێشتنەوەی گەلی کورد لە دەرەوەی مێژوودا

لە ڕاستییدا مەبەستمان لە هێشتنەوەی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی وەک کورد لە دەرەوەی مێژوو، بە واتای بوونی کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی دەوڵەتە بۆ ئەو نەتەوە لەسەر شانۆی سیاسی نێودەوڵەتی، چونکە ئەگەر دەوڵەت سەلمێنەری بوونی تاک بێت لە کۆمەڵگا، ئەوا لە هەمانکاتدا دەوڵەت ڕۆڵی سەلمێنەری بوونی نەتەوەش لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبینێت، نەتەوەی بێ دەوڵەت ناتوانێت ڕۆڵی ئەندامێکی تەواو لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ببینێت، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش وەک ئەندامێکی کارای نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەیری نەتەوە ناکات. هەر بۆیە بوونی دەوڵەتی خاوەن سەروەری ڕەهەندێکی بنەڕەتییە بۆ دروستبوونی نەتەوە (صدیق ٢٠٢٣، ل٨٢). ئەگەرچی جیاوازی لەنێوان نەتەوە و مێژووی نەتەوەکان دا هەیە، بەڵام بوونی دەوڵەت گرنگە بۆ ئەوەی نەتەوە بتوانێت خۆی بەدی بهێنێت.

لە ڕوانگەی بیرمەندی ئینگلیزی (تۆماس هۆبز/ Thomas Hobbes)، مرۆڤەکان لە دۆخی "بێدەوڵەتی"دا چارەنووسیان دیار نییە؛ واتە تەنیا لەناو دەوڵەتدا مرۆڤەکان چارەنووسیان دیارە، چونکە بە ڕای هۆبز پێش دروستبوونی دەوڵەت، کۆمەڵگا لە دۆخی سروشتیدایە (حەمە ٢٠١٧). لای فەیلەسووفی ئەڵمانیش (فریدریك هیگل/ Friedrich Hegel)، دەوڵەت بەرزترین قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. لەم دۆخەدا مرۆڤەکان پێوەرە ڕەوشتییەکان بەرامبەر یەکتر پەیڕەو دەکەن، چونکە هەر تاکێك بە تاکێکی دیکەوە بەستراوەتەوە. بە لای هێگڵەوە، لە دۆخی دەوڵەتبووندا تاکەکان بەئازادی دەگەن. هەروەها هیگل پێی وایە تاك لە دەرەوەی دەوڵەت هیچ نرخێکی نییە؛ کەواتە بوونی تاك، پەیوەستە بەبوونی دەوڵەتەکەیەوە (سەرچاوەی پێشوو). واتە بە تێڕوانینی هیگڵ کەسەکان ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن تەنیا لە دەوڵەتدا نەبێت و، تاکەکان هەموو بەها ڕۆحی و ڕاستییەکان لە دەوڵەتەوە وەردەگرن. لەم ڕوانگەیەوە گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە بوونی دەوڵەت، بۆیە بیرمەندی فەرەنسی (بیار کلاستەر/ Pierre Claster)، پێی وایە: "کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، کۆمەڵگای بێ دەوڵەتن، یاخود کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ناتەواوییەکیان هەیە ئەویش دەوڵەتە" (کلاستر 1991، ص١٨٦).

بنیات لەسەر ئەوەی ئاماژەمان پێدا، دەکرێت بڵێین گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردستانی لەدۆخی سەرەتایی و بێمافییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی و خاوەن سەروەریی، دەبێت تەنیا لە ڕێگای دروستکردنی دەوڵەت بگات بەو ئامانجە، بێ بنیاتنانی ئەم دامەزراوە باڵایە، ناتوانرێت کۆمەڵگای کوردستانی بە مەدەنی بکرێت. بە واتایەکی دیکە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی هۆکاری سەرەکی هێشتنەوەی گەلی کوردە لە دەرەوەی مێژوو، وە یەکەم دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی لە دەرەوەی مێژووبوونی کورد، نا-ئامادەییەتی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و خستنە دەرەوەی کورد و کوردستانە لەسەر نەخشەی جیهانی. بۆیە پێمان وایە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان مانەوە لە دەرەوەی مێژوو لەگەڵ نەبوونی دەوڵەت هەیە.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، لە دوای ڕێککەوتننامەی لۆزانەوە _٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣_، لە سیاسەتی و سیستەمی هەرێمی و نێودەوڵەتییدا، کورد چیتر نەتەوە نییە و دەبێتە کەمینە، یان باشتر وایە بڵێین بە کەمینە دەکرێت و لەسەر نەخشەی جیهان لا دەبرێت و، خاوەندارێتی نیشتمان لەدەست دەدات و، مافی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی لێ دەسەنرێتەوە. هەر لەم چوارچێوەشدا، نووسەر و توێژەری سیاسی کورد (ئارام ڕەفعەت) پێی وایە: "لە ئێستادا کورد لە دەرەوەی مێژوودایە، زەمەنی ئەو ئێستایە زیاتر لە سەدەیەکە، لە پاش سیڤەرەوە دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە تاکوو ئەمڕۆ. لەو ماوەیەدا کورد ئەو ئامادەییەی نەبوو کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، ماوەی سەد ساڵە ئەوانی دیکە بڕیار لە چارەنووسی دەدەن. هەر وەک چۆن کورد ئامادەیی نەبوو تاکوو مێژووی خۆی بنووسێتەوە، ماوەی سەد ساڵە لەناو مێژووی ئەوانی دیکەدا بەدوای خۆیدا دەگەڕێت. هەروەها کورد ئامادەیی ئەوەی نەبوو کە بە زمانی خۆی بنووسێت، ماوەی سەد ساڵە بە ناچاری بە زمانی ئەوانی دیکە دەنووسێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانە، کورد نەیتوانی خاوەندارێتی لە خاک و نیشتمانی خۆی بکات، ماوەی سەد ساڵە ئەوانی دیکە خاوەندارێتی خاک و وڵاتەکەی دەکەن و، وەک بێگانەیەک لەسەر نیشتمانی خۆی کە کراوە بە هی ئەوان دەژێت. بە کورتی ماوەی سەد ساڵ زیاترە کوردەکان لە پێش دەروازەکانی مێژوودا چاوەڕوان دەکەن و هێشتا هەر لە دەرەوەی مێژوودان" (ڕەفعەت ٢٠٢٢، ل١٢٦-١٢٧).

لە ڕەهەندە هزرییەکەیەوە، دەوڵەت تەنیا پێویستییەکی ئابووری و سیاسی نییە، بەڵکوو کاریگەریی لەسەر کۆی ڕەهەندەکانی ژیان هەیە، دەکرێت لە نەرمترین ڕەهەند کاریگەر بێت کە ئەخلاقە، تاکوو بەهێزترین ڕەهەند کە ئاسایشە. لە جیهانی ئەمڕۆدا دەوڵەت بە نوێنەری نەتەوە دادەنرێت. بۆیە نەتەوەی بەبێ دەوڵەت خاوەنی سەروەریی تەواو نییە، دەوڵەتیش بەبێ نەتەوە خاوەنی شوناسی (Identity) تەواو نییە، ئەوەی تاوەکوو ئەمڕۆ نەیتوانیوە کوردبوون بکاتە ڕاستییەک بابەتی نەبوونی ئەو سەروەرییەیە کە دەوڵەت دەتوانێت بە کیانی کوردستانی ببەخشێت. پارچەکانی کوردستان، وەک کیانێکی بێ دەوڵەت ناتوانێت خاوەنی سەروەریی بێت، سەروەریی ئەم بەشانەی کوردستان گرێ دراوە بە سەروەریی دەوڵەتێکی تر کە تورکیا، ئێران، عێراق و سوورییایە، لە کاتێکدا بوونی دەوڵەت بەخشینی شوناسێکە کە سەروەریی دەکاتە لانکەیەک بۆ هەموو هاووڵاتییانی دانیشتووی کوردستان (صدیق ٢٠٢٣، ل٨٤).

هێشتنەوەی گەلی کورد لە دەرەوەی مێژوودا، لە نا-ئامادەیی کوردەکان لەنێو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٤٥، ناوی کورد، پرسی کورد، چارەنووس و مافی کورد لە هیچ دۆکیۆمێنتێکی کۆمەڵەی گەلاندا نەهاتووە. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٩٠، تاکە بەڵگەنامەیەکی فەرمی ئەنجوومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان نییە کە پەیوەست بێت بە دۆزی کورد یان ناوی کوردی تێدا هاتبێت (ڕەفعەت ٢٠٢٢، ل١٤٥). ئەم نا-ئامادەیەیی کورد لە کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتێکدا بووە کە چەندان جینۆساید لەو ماوەیەدا ڕوویان داوە، لەوانە جینۆسایدی کوردەکانی دەرسیم لە تورکیا، ئەنفال و کیمیابارانی کورد لە عێراق، شەڕ و تاوانەکانی جەنگی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردانی ڕۆژهەڵات. ئەوە جگە لە ڕووخاندن و بە زۆر ڕاگواستنی نزیکەی چوار هەزار گوندی کوردستان هەم لە باکوور هەم لە باشوور لەلایەن تورکیا و عێراقەوە.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، دەوڵەت وەک کارەکتەری سەرەکی سیستەمی نێودەوڵەتی، ڕۆڵی کارای هەیە لە پاراستنی نەتەوە. نەبوونی دەوڵەت ئاستەنگێکی جددییە بۆ سەر بوونی نەتەوە و سیاسەتی نەتەوەسازیی، تەنانەت نەبوونی دەوڵەت هۆکارە بۆ دابەشبوونی نەتەوە بەسەر حیزب و ئینتیما لۆکاڵییەکان لە کوردستان، بەمجۆرە دەکرێت بڵێین، بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەر بێ بەشی دەکات لە بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی، نەبوونی دەوڵەتیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێشتنەوەی گەلی کورد لە دەرەوەی مێژوودا.

**داواکراوی دووەم**

**کوردستان وەک ناوچەیەکی تێرا نولیۆس لە چوارچێوەی مرۆڤی پیرۆزدا**

هۆمۆ ساکەر، دەروازە بۆ پیادەکردنی یاسایەکی تری ڕۆمانی دەکاتەوە، کە ستاتۆی (تێرا نولیۆس/ Terra Nullius)ـە[*]. هەرچەندە نووسەر و توێژەرانی بواری زانستە سیاسییەکان کەمتر لەسەر بەیەکەوە گرێدانی ئەم دوو چەمکە وەستاون. بەڵام پەیوەندییەکی بەهێز و بەردەوامی ڕاستەوانە لەنێوان تێرمی هۆمۆ ساکەر و تێرا نولیۆس هەیە. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کاتێک گرووپێکی مرۆیی بە هۆمۆ ساکەر دەکرێن، ئەو خاکەشی لەسەری دەژین دەبێت بە ستاتۆیەکی تێرا نولیۆس.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک قۆناغ دەکەین، کە دەیسەلمێنێت بە هۆی هۆمۆ ساکەربوونی کوردەکانەوە، خاکی کوردستانیش وەک ناوچەیەکی تێرا نولیۆس مامەڵەی لەگەڵ کراوە. سەرەتا ئەگەر لە تابلۆ گەورەکەوە دەست پێ بکەین، کە مەبەستمان پێی کوردستانی گەورەیە، دەبینین لە پاش جەنگی چاڵدێران[*] و، بە دروستی لە ڕێکەوتی ١٧ی ئایاری ١٦٣٩، پەیماننامەی زەهاو، لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی بە ئامادەبوونی شا عەباسی یەکەم و دەوڵەتی عوسمانی بە ئامادەبوونی سوڵتان موڕادی چوارەم مۆر کرا، ئەم پەیماننامەیە بە وەرچەرخانێکی پڕ مەترسی دێتە هەژمار، چونکە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانی بە فەرمی کرد بە دوو بەشەوە، بەشی خۆرهەڵاتی خرایە سەر دەوڵەتی سەفەوی و، بەشەکانی تری لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا مایەوە و لە ڕووی کارگێڕی گشتییەوە بەسترانەوە بە ئیستەنبوڵەوە (حەمەدئەمین و عەبدولڕەحمان 2011، ل٣٨-٤٢). بەمجۆرە زەهاو، یەکەمین ڕێککەوتننامەیە کە بەفەرمی بەردی بناغەی دابەشکردنی کوردستانی گەورەی دانا.

---

(*) چەمکی تێرا نولیۆس، زیاتر لە مانایەکی هەیە، وەکوو: ناوچەیەکی بێ خاوەن، هەرێمێکی موحەڕڕەمە "دەستبەسەر و دابڕاو"، هەرێمێکی کراوە بۆ هێرش و داگیرکردن، هەرێمێکی بێ دەوڵەت، هەرێمێک کە دانیشتوانەکەی شەرعییەتی خاوەندارێتی و سەروەری هەرێمەکەیان نییە. ئەمەش دەروازەی هێرشکردنە سەر ئەم ناوچەیە و، داگیرکردنی لە لایەن وڵاتانەوە دەکاتەوە، بێ ئەوەی ئەم وڵاتانە لەبەردەم یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکاندا بەرپرس بن. ڕیشەی تێرا نولیۆس دەگەڕێتەوە بۆ چاخی ڕۆمانی و شەرعییەتی زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی شتێک کە هیچ کەس خاوەنی نییە دەداتە کەس و لایەنی خاوەن هێز. ئەم یاسایە لەسەدەی حەڤدە و هەژدە، لەگەڵ دەرکەوتنی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپی ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەردەگرێت. ئەورووپییەکان بۆ داگیرکردنی ئەمریکا، کەنەدا و ئوستراليا سوودیان لەم یاسایە وەرگرتوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٧٨٨ـدا بەریتانییەکان ڕایانگەیاند کە ئوستراليا وڵاتێکی تێرا نولیۆسە و موڵکی پادشای بەریتانیایە. بەمجۆرە یاسای تێرا نولیۆس مافی خاوەندارێتی ئوسترالیای لە (ئوسترالیيە ڕەسەنەکان/ Aboriginal Australians) سەندەوە و بەریتانییەکانی کردە خاوەنی ئەم کیشوەرە (Benton & Straumann 2010).

(*) شەڕی چاڵدێران لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤، لە پێدەشتی چاڵدێران لە باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، لەنێوان هەر دوو سووپای سوونە مەزهەبی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەسەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و سووپای ئیمپراتۆریەتی سەفەوی شیعە مەزهەب بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی ڕوویدا (فەر ٢٠٠٢، ل١٤٢).

لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا، هاوپەیمانە ئەنگلۆ- فەرەنسییەکان (Anglo-French) ڕێکەوتنێکی نهێنییان کرد، کە بە ڕێککەوتننامەی "سایکس- پیکۆ"(**) ناسراوە، ئەو ڕێککەوتننامەیە بووە هۆی سەر لە نوێ داڕشتنەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێوەیەک بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک فەرەنسی و ئینگلیزی بپارێزێت. بۆیە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی زۆر دەوڵەتی نوێ دروست کران، کە دەستکرد بوون و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان بوون. لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا، کوردەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئێران، تورکیا، سووریا و عێراق، بۆیە ئەو وڵاتانە کەوتنە هەماهەنگی کردن لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە لەگەڵ یەکتری بۆ دژایەتی کردنی کورد و ڕێگەگرتن لە هەر ئەگەرێک ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یان دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردەکان (عبدالله ٢٠٢٣، ل٣٤-٣٦). بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە کوردستان بۆ چوار بەش دابەش کرا. بە جۆرێک، باکووری کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی تورکیا، باشووری کوردستان لکێنرا بە عێراقەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەوڵەتی ئێران مایەوە، ڕۆژئاوای کوردستانیش بۆ سووریا یەکلا بوویەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ خاکی کوردستان هەر بەم شێوەیە ماوەتەوە.

پاشان ئەگەر لەسەر ئاستی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان باس لە تێرا نولێۆسبوونی خاکی کوردەکان بکەین، دەکرێت بڵێین، دەوڵەتی تورکیا بە بیانووی ڕووبەڕوو بوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ماوەی نێوان، کانوونی دووەمی 2020 بۆ تەممووزی 2024، (٦ هەزار و 185) جار هێرشی ئاسمانی و زەمینی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، کە بە هۆیەوە (702) هاووڵاتی مەدەنی بوونەتە قوربانی و، (162) گوند چۆڵکراوە و (602) گوندی دیکەش مەترسی چۆڵبوونیان لەسەرە. هاوکات بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی (CPT)ی ئەمریکی، سوپای تورکیا زیاتر لە (71) بنکە و بارەگای سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە (درەو ٢٠٢٤). هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێکی (پەیمانگای واشنتۆن/ TWI)، نزیکەی (1،553) کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی بارەگا و بازگەکانی تورکیادایە، واتە نزیکەی (3،4٪)ی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو وڵاتەوە داگیرکراوە (Knights 2022).

ئەم دۆخی دەستتێوەردانە بۆ کۆماری ئیسلامیش هەر ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئێرانیش بە بیانووی ڕووبەڕوو بوونەوەی پارتە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو وڵاتە، هەموو جۆرە هەڕەشە، دەستتێوەردان، گوشار و هێرشێکی مووشەکی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە. بۆ نموونە لە 8ی کانوونی دووەمی 2020، بە مووشەکی بالیستی، ڕاستەوخۆ هەرێمی کوردستانی بە ئامانج گرت. دواتر لە 13ی ئاداری 2022 بۆ جارێکی دیکە بە 12 مووشەکی بالیستی هەولێری کردە ئامانج. دیسان، لە 15ی کانوونی دووەمی 2024، بە 11 مووشەکی بالیستی هەولێریان کردەوە ئامانج. ئەمە بەدەر لەوەی کە ئێران و گرووپە پرۆکسییەکان، چەندین جار بنکەی پارتە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕژێمی ئێران و، بنکەی سەربازی هەریر و فڕۆکەخانەی هەولێریان بە مووشەک و درۆن بە ئامانج گرتووە (عەبدوڵڵا ٢٠٢٤، ل٣٣). بۆیە دەبینین ئەم جۆرە دەستتێوەردان وای کردووە، دەسەڵات و پارێزبەندیی یاسایی وەک هەرێمێکی فیدراڵی دانپێدانراو لە باشووری کوردستان بوونی نەبێت و، لە بەرامبەردا ئەوەی کە ئامادەیە و پیادەی سەروەری و مافی بەکارهێنانی هێز دەکات هەریەک لە تورکیا و ئێرانن. ئەوە تورکیا و ئێرانن کە هێڵ و سنوورەکانی سەروەری خۆیان بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەکێشن و، ئەوە ئەوانن کە لە هەر بستێکی ئەم باشوورە بیانەوێت پیادەی مافی بەکارهێنانی هێز دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر باس لە تێرا نولێوسبوونی ڕۆژئاوای کوردستانیش بکەین، دەبینین دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی سووریا لە ٢٠١١، حیزبەکانی ڕۆژئاوا، ناوچە کوردییەکانی سەر سنورەکانی تورکیا و باکوری سووریایان کۆنترۆڵ کرد و،

(**) سایکس- پیکۆ لە ١٦ی ئازاری ١٩١٦، ڕێککەوتننامەی نێوان (مارک سایکس)ی نوێنەری بەریتانیا و (جۆرج پیکۆ)ی نوێنەری فەرەنسایە، بە ئاگاداری و ڕازیبوونی ڕووسیا. ئامانجی ئەم ڕێککەوتننامەیە دابەشکردنی خاکی ئەو وڵاتانە بوو کە لە ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون (توێژەر).

ئەو کیانە سیاسیەی کە بە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا دەناسرێت دامەزراند. تورکیا بوونی ئەم کیانە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی خۆی لە قەڵەم دەدات و کەوتە دژایەتی کردنی. تورکیا بۆ ڕووبەرووبوونەوەی کوردەکانی ڕۆژئاوا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بە ناوی قەڵغانی فورات لە ئابی 2016 تاکوو ئازاری 2017 دەست پێکرد. لەم هێرشەدا دەستی بەسەر کۆمەڵێك ناوچەی ستراتیژیدا گرت، کە دەکەونە باکوری پارێزگای حەلەب، لەگەڵ بەشێك لە ناوچەکانی پارێزگای ئیدلب. بە هەمان شێوەش لە کۆتایی کانونی دووەمی 2018، تورکیا لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون هێرشی ئاسمانی کردە سەر ناوچەکانی کانتۆنی عفرین وەك دەستپێکی داگیر کردنی ئەو ناوچەیەی ڕۆژئاوای کوردستان. لە لایەکی تریشەوە، لە تشرینی یەکەمی 2019، سوپای تورکیا بە هاوکاری هێزە هاوپەیمانەکانی لە ناو ئۆپۆزسیۆنی سووریا، جارێکی تر ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی ئەنجامدا، کە ئامانج لێی دروستکردن ناوچەیەکی ئارام بوو، کە لە ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە درێژ دەبێتەوە تاکوو دەگاتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە سێگۆشەی سنوری نێوان سووریا، تورکیا و عێراق، وە تێیدا دەستیگرت بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی ناوچەکە، کە بە نزیکەیی 68 شارۆچکە و گوندی لە خۆدەگرت (عبدالله ٢٠٢٣، ل٧١-٧٢). بە پلەی یەکەم تورکیا لە ئۆپەراسیۆنەکانی دا چاوی لەسەر ئەو ناوچانە بوو کە دەکەوتە ژێر دەستی هێزەکانی سوپای سووریای دیموکرات، یان ناوچەی کورد نشین بوون.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، ئەم دەست ئاوەڵایە، لە بەکاربردنی هێز لە دژی هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان، لەلایەن وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران، هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان دەکاتە ستاتۆیەکی تێرا نولیۆس. بۆیە لە هەندێک حاڵەت و قۆناغی مێژوویدا، لە دیدگە و سیاسەتی ئەم دوو وڵاتەدا، کوردستان جگە لە هەرێمێکی تێرا نولیۆس هیچی تر نییە. ئەمەش گرنگترین لێکەوتەی نەرێنی پرۆسەی هۆمۆ ساکەربوونە لەسەر کورد و، کردنی کوردستان بە ناوچەیەکی تێرا نولیۆس.

## دەرئەنجامی کۆتایی

بە پێویستی دەزانیین لە کۆتایی توێژینەوەکەمان ئاماژە بەم چەند خاڵە وەک دەرئەنجامی گشتی بدەین، ئەوانیش:

1. هۆمۆ ساکەر؛ مرۆڤێکی بێمافە، بە بێمافیش ژیان بەسەر دەبات. دەوڵەت، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سیفەتی هۆمۆ ساکەر بەسەر هەموو کەسێکدا بسەپێنێت و بیخاتە دەرەوەی بازنەی هاووڵاتیبوون و لە هەموو پیرۆزییەکی دابماڵێت. جۆرجیۆ ئاگامبێن، ئەم چەمکە وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ژیانی مرۆڤ لە سیستەمی سیاسی هاوچەرخدا بەکار دەهێنێت. لە ڕوانگەی ئاگامبێنەوە، هۆمۆ ساکەر ئاماژەیە بۆ کەسێک کە ژیانی لە دەرەوەی پارێزگاری یاسا و سیستەمی سیاسییە، بەڵام هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ئەو یاسا و سیستەمەدا ماوەتەوە.

2. دۆخی کوردەکان؛ دۆخێکی مرۆیی دەرکەوتوویی هۆمۆ ساکەرن، لەناو حاکمییەتێکی بایۆ- سیاسەتی دەوڵەتی مۆدێرندا. دەوڵەتی دەسەڵاتگەرا هەموو مافێکی لە کوردەکان وەرگرتووەتەوە و ڕووتی کردوونەتەوە بۆ مرۆڤێکی بێماف. هەر بۆیە مێژووی کورد، بریتی بووە لە مێژووی نووسینەوەی تەنگژە هەمیشەییەکەی، تەنگژەی خۆسەپاندنی ئەوی دیکە بەسەریدا، لە دوای شەڕی چاڵدێران و پەیماننامەی زەهاو، دواتر جەنگی یەکەمی جیهانی و سایکس- پیکۆ، ئیتر جیهانی ژیانی کورد خۆگونجاندن بووە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیە، هەلومەرجی کۆڵۆنی کراو. دیمەنی سەرەکی ئەم تەنگژەیەش لەو هەڵمەتی قڕکردن و کۆکوژییانەدا چڕ دەبێتەوە کە بەسەریدا هێنراوە، ئەمە جگە لە سیاسەتی لە کوردخستن، لەڕێگەی عەرەباندن و تورکاندن و فارساندنەوە، کارەکتەر و ناسنامەشی شێوێنراوە.

3. لای تورک، فارس و عەرەبەکان، نکۆڵیکردن لە بوونی کورد و شوناسە نەتەوەییەکەی هێزی پێداون بۆ ئەوەی نەتەوەخوازی و شوناسی خۆیانی پێ بەهێز بکەن، واتە یەکپارچەیی خۆیان لە پارچەپارچەبوونی کوردەکاندا دەبیننەوە، وەک چۆن پرسی کورد؛ پرسی تەنیا هێزێکی دیاریکراو نییە بە هەمان شێوە ئەوانیش کار لەسەر تێکشکانی کوردبوون دەکەن، نەک

هێزێکی دیاریکراو. بەمجۆرە مێژووی نکۆڵیکردن لە بوونی شوناسی نەتەوەیی کورد، کرۆکی کردنی کوردەکانە بە مرۆڤێک کە هەڵگری سیماکانی هۆمۆ ساکەرن.

4. ناوەڕۆکی هەندێک لە تیۆریە سەرەکییەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جۆرێک داڕێژراوە، گرنگی بە دەوڵەتان دەدەن وەک ئەکتەرێکی سەرەکی و چالاکی سەر شانۆی سیاسی هەرێمی و نێودەوڵەتی. بۆیە بەشێک لەو تیۆرییانە و بەتایبەتی تێڕوانینەکانی قوتابخانەی ڕیالیزم، شتێکی ئەوتۆیان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان نەخستووەتە ڕوو. لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت بڵێین، نا-ئامادەیی گەلی کورد لەنێو پارادایمە بنەڕەتییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، فاکتەرێکی کاریگەری خولقاندووە لە پشت بوونی کورد وەک هۆمۆ ساکەرێک.

5. باکوور، ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لەلایەن دەوڵەت نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریاوە وەک ناوچەیەکی بە کۆلۆنی کراو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە. دەکرێت ئەوەش بگوترێت لە دوای سازکردنی ئەم دەوڵەت-نەتەوانە، کوردەکان پەراوێز خران و، بەشدارییەکی بەرچاویان لە ناوەندی بڕیاردانانی حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانە پێ نەکرا.

6. هۆمۆ ساکەر؛ دەروازە بۆ پیادەکردنی یاسایەکی تری ڕۆمانی دەکاتەوە کە ستاتۆی تێرا نولیۆسە، لەو ڕوانگەیەوە کاتێک گرووپێکی مرۆیی بە هۆمۆ ساکەر دەکرێن، ئەو خاکەشی لەسەری دەژین دەبێت بە تێرا نولیۆس. بەگشتی دەکرێت بڵێین، کوردستان لەناو جوگرافیایەکی سیاسی پڕ لە کێشە، یەکێکە لە شوێنەوارە ڕەسەن و زامدارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە درێژایی مێژوو جێگەی تەراتێنی لەشکری ئیمپراتۆرە باڵادەستەکان بووە. لە لایەکەوە کوشتارگەی ترسناک و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ و ئاوارەبوونی کورد لەسەر خاکی خۆی چارەنووسی هەمیشەیی بووە، لە لایەکی دیکەوە دابەشکردنی خاک و مافی بڕیاردان لە چارەنووسی لە دەرەوەی ویستی خۆی، بەردەوام لە مێژوودا بە سەپێنراوی ماوەتەوە بە سەریدا.

7. بە هۆمۆ ساکەربوونی کورد، بێ بەشی دەکات لە بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی، نەبوونی دەوڵەتیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێشتنەوەی گەلی کورد لە دەرەوەی مێژوو. بوونی کوردیش لە دەرەوەی مێژوو بە ڕادەیەک تراژیدیایە کە نیشتمان لە کورد دەسێنێتەوە و دەیکاتە میوان لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی. ئەمەش وا دەکات جۆرێک لە هەوڵ و تێگەییشتی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەبێت، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان وەک ناوچەیەکی تێرا نولیۆس و خەڵکەکەشی وەک بوونەوەرێکی هۆمۆ ساکەر. واتە تێرمی هۆمۆ ساکەر لە بەرامبەر گەلی کورد، لە هەندێک قۆناغی مێژوویی، بە ئاستی جۆربەجۆر پەیڕەو کراوە. ئەمەش وای کردووە، گەلی کورد و کوردستان هێندەی مەحکوومبن بە یاسا کۆنە ڕۆمانییەکانی وەک هۆمۆ ساکەر و تێرا نولیۆس، هێندە سوودمەندی ماف و ڕێسا و یاسا سەردەمییەکان نەبن، هەر بۆیە کوردەکان و کوردستان پێگەیەکی ناسەقامگیر و حاڵەتێکی نا-دڵنیایان لە پەیوەندییە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

➢ **کتێب:**

- ئاگامبێن، جۆرجیۆ (٢٠١٩)، دۆخی ئاوارتە، و: هاوار محەممەد و ئەرسەلان ئەفراسیاو، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
- بێرمان، سیمۆن (٢٠١٩)، هۆمۆ ساکەر و ڕەخنە لە دیموکراسیی بۆرژوازیی، و: پێشڕەو محەممەد، بێ ناوی چاپخانە، کۆڵن.
- بێشکچی، ئیسماعیل (٢٠٠٢)، کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی، و: حەمە ڕەشید، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- حەمە، ئازاد (٢٠٢٣)، ڕاڤەکاریی فەلسەفیی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.
- حەمەدئەمین، ئەحمەد و عەبدولڕەحمان، دڵشاد مەحمود (2011)، کاریگەری پەیماننامەی زەهاو لەسەر کوردستان، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

- ڕەفعەت، ئارام (٢٠٢٢)، سەد ساڵ لەدەرەوەی مێژوودا، لە ناو: کرمانج، شێرکۆ و ئەوانی تر، دوای سەد ساڵ لە سیڤەر: کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.
- العطية، عصام (٢٠١٦)، یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، و: هێمن ئەمین شوانی، دەزگای فێربوون، هەولێر.
- فەر، هاشم حیجازی (٢٠٠٢)، شا ئیسماعیلی یەکەم و جەنگی چاڵدێران، و: کەمال ڕەشید، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- قاسملوو، عەبدولڕەحمان (٢٠١٤)، کوردستان و کورد، و: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- کامیسۆ، ئیزەبێل (٢٠١٩)، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، و: شەوقی حسێن، کتێبخانەی مێخەک، هەولێر.
- کرمانج، شێرکۆ (٢٠٢٢)، بە کەمینەکردنی کورد و بە ئاسایشکردنی پرسی کورد، لە ناو: ڕەفعەت، ئارام و ئەوانی تر، دوای سەد ساڵ لە سیڤەر: کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی
- هەردی، دیلان (٢٠١٩). ڕێژیمی سیاسی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

➢ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

- شکری، نوزاد عبدالله ٢٠٠٨، دۆزی کورد لە عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای 2003، ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- صدیق، سمیع صابر (٢٠٢٣)، کاریگەریی فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان لەدوای ٢٠٠٣، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- عبدالله، بەناز رفیق (٢٠٢٣)، سروشت و پێگەی دیفاکتۆی ڕۆژئاوای کوردستان لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکاندا: دەرفەت و ئالنگارییەکان، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- عەبدولڕەحمان، شڤان حەمەصدیق (٢٠٢٤)، شێوازەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتیی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە دوای ساڵی ٢٠١٠ وەکوو نموونە، دکتۆرانامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- مستەفا، ئیدریس عومەر (٢٠٢٣)، ئیشکالیەتی چەمکیی "سیاسەت" و "لەسیاسەتخستن": توێژینەوەیەک لەسەر بیری سیاسی (هانا ئارێنت) و (سلاڤۆی ژیژەک)، دکتۆرانامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

➢ گۆڤار:

- ئەردەڵان، سارۆ (٢٠١٩) أ، کۆڵۆنیالیزم و شۆڕش، گۆڤاری تیشک، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان- تیشک، کۆڵن، ژمارە (٥٣)، ساڵی بیست و یەکەم.
- ئەردەڵان، سارۆ (٢٠١٩) ب، کوردایەتی دژ بە کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆییە، گۆڤاری تیشک، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان- تیشک، کۆڵن، ژمارە (٥١)، ساڵی بیست و یەکەم.
- حەمە، هاوڕێ حەسەن (٢٠١٩)، پرسی کورد و قوتابخانەی ئینگلیزی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ژمارە (43)، کانوونی یەکەم.
- عیسا، صالح عمر و صدیق، شڤان حمە (2024)، بەئاساییشکردنی پرسی کورد لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی (٧)، ژمارە (١).
- عەبدوڵڵا، تەحسین وسو (٢٠٢٤)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان: ستراتیجی- هەژموون، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ژمارە (١١)، ساڵی سێیەم، ئایار.

- هەردی، دیلان (٢٠٢٢)، مافی نەتەوەیی کورد لە سیستەمی سیاسی ئێراندا، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، کانونی دووەم.

➢ ماڵپەڕەکان:

- بەنگیۆ، ئۆفرا (٢٠١٧)، خوێندنەوەیەک بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتێکی ناڤینی پەرپووت و هەلا هەلادا، و: ئاسۆ کەریم، ماڵپەڕی پێنووس، لەم لینەکەوە بەردەستە: (https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-13-55/item/672-2018-09-02-18-56-38)، ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٤.
- حەمە، سەروەر (٢٠١٧)، دەوڵەت لە دیدگەیەکی هەزرییەوە، ماڵپەڕی پێنووس، لەم لینەکەوە بەردەستە: (https://n9.cl/i79hy)، ڕێکەوتی سەردانی کردن: 12ی ئابی ٢٠٢٤.
- درەو (٢٠٢٤)، لەشکرکێشی نوێی تورکیا لەناو هەرێمی کوردستان، دامەزراوەی میدیایی درەو، لەم لینەکەوە بەردەستە: (https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15344)، ڕێکەوتی سەردانی کردن: ١ی شوباتی ٢٠٢٥.
- سەعید، ئاراس (٢٠٢٤)، دەوڵەتی مۆدێرن و هۆمۆ ساکەر، چاوی کورد، لەم لینەکەوە بەردەستە: (https://n9.cl/p51ux)، ڕێکەوتی سەردانی کردن: ٤ی تەمموزی ٢٠٢٤.
- قانع، مەریوان وریا (٢٠٢٠)، ڕەخنە لە کورد یان نەفرەت لە کورد، دامەزراوەی میدیایی درەو، لەم لینەکەوە بەردەستە: (https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=6282)، ڕێکەوتی سەردانی کردن: ٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٤.

دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

➢ الدساتير:

- دستور إيران الصادر عام 1979 شاملا تعديلاته لغاية عام 1989.
- دستور تركيا الصادر عام 1982 شاملا تعديلاته لغاية عام 2017.

➢ الكتب:

- أغامبن، جيورجيو (2017)، المنبوذ: السلطة السيادية والحياة العارية، ت: عبد العزيز العيادي، منشورات الجمل، بيروت.
- أغامبين، چورچو (2015)، حالة الاستثناء: الانسان الحرام، ت: ناصر إسماعيل، مدارات للأبحاث والنشر، القاهرة.
- إلياس، جوانيتا و ستش، بيترس (٢٠١٦)، أساسيات العلاقات الدولية، ت: محي الدين حميدي، دار الفرقد، دمشق.
- بارزاني، مسعود (٢٠٢١)، للتاريخ، الطبعة الثالثة، مطبعة روكسانا، أربيل.
- زناتي، محمود سلام (١٩٦٦)، نظم القانون الروماني، دار النهضة العربية، القاهرة.
- كرامش، كلير (٢٠١٠)، اللغة والثقافة، ت: أحمد الشيمي، وزارة الثقافة والفنون والتراث، الدوحة.
- كلاستر، بيار (1991)، مجتمع اللادولة، ت: محمّد حسين دكروب، المؤسّسة الجامعيّة، بيروت.
- كون، توماس س. (2007)، بنية الثورات العلمية، ت: حيدر حاج إسماعيل، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- محفل، محمد (1974)، تاريخ الرومان، دار الطليعة، بيروت.
- هلال، محمد طلب (١٩٦٣)، دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية والاجتماعية والسياسية، مطبعة ومكان النشر غير معروف.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

➢ **Books:**

- Benton, Lauren & Straumann, Benjamin (2010), Acquiring Empire by Law: From Roman Doctrine to Early Modern European Practice, Cambridge University Press.

- Buchanan, Ian (2010), A dictionary of critical theory, Oxford: Oxford University Press.
- Fowler, W. Warde (1920), Roman essays and interpretations, Clarendon Press, Oxford.
- Johnson, Allan Chester & Coleman, Paul Robinson & Bourne, Frank Card (1961), Ancient Roman Statutes, University of Texas Press.
- Jonsson, Stefan (2008), A Brief History of the Masses: Three Revolutions, Columbia University Press.
- Ward, Steven R. (2009), Immortal: A Military History of Iran and Its Armed Forces, Georgetown University Press, Washington, D.C.
- Waver, Ole (1995), Securitization and De-Securitization, in: On Security, Edited by Ronnie D. Lipschutz, Columbia University Pres, New York.

- **Researches:**
- Bennett, Harold (1930), Sacer Esto, Transactions and Proceedings of the American Philological Association, Vol. 61, Published by The Johns Hopkins University Press.
- Little, Richard (2000), The English School's Contribution to the study of International Relations, European Journal of International Relations, Volume 6, Issue 3, September.

- **Website:**
- Knights, Michael (2022), Turkey's War in Northern Iraq: By the Numbers, Available at the link: (https://n9.cl/tvrzdd), Accessed: January 20, 2025.

# اَلكُرد كإنْسَان مُقدَّس فِي العلاقات الإقْليميَّة والدَّوْليَّة
# دِراسة سِياسيَّة- تحْليليَّة

| |
|---|
| د. سەروەر حمه أحمد |
| كُليَّة اَلعُلوم السِّياسيَّة، جَامِعة صَلَاح الدِّين- أَربِيل، إقْليم كُرْدسْتان- العرَاق |
| البريد الالكتروني: (sarwar.ahmad@su.edu.krd) |

**مُلخَّص**

**في هَذهِ الدِّراسةِ اِسْتخْدمَ الباحِثُ إلى مُصطلَحِ (الإنْسانِ الْمقدَّسِ أو المنْبوذ/ Homo Sacer) لِتحْليلِ مَوقِعِ اَلكُردِ في مَجَالِ العلاقاتِ الإقْليميَّةِ والدَّوْليَّة. بِالإضَافةِ إلى تَعريفِ مَفهُومِ الإنْسانِ المقدَّس، وَمِن ثَمَّ قامَ الباحِثُ بِتسْليطِ الضَّوْءِ على تَاريخِ الشَّعْبِ اَلكُرْدِي كإنْسَانِ مُقَدسِ/ مَنبُوذ، معَ مُنَاقشَةِ العوامِلِ المُؤثِّرةِ على وُجودهِ كشعْبٍ مُقدَّسٍ أو مَنبُوذٍ في العلاقاتِ السِّياسيَّةِ الإقْليميَّةِ والدَّوْليَّة. تُحَاولُ هَذه الدِّراسةُ الإجابةَ عن عِدَّةِ تساؤلاتٍ من بيْنهَا مَكانَةِ اَلكُردِ في مَجَالِ العلاقاتِ الإقْليميَّةِ والدَّوْليَّةِ كإنْسَانٍ مُقَدسٍ/ مَنبُوذٍ في ظلِّ كَونِه لَايمْتَلكُ دَولَة خَاصَّة بِه (Stateless Nation)؟ ومَا هِي الآثَارُ السَّلْبيَّةُ لِلإنْسانِ المقَدسِ/ المَنبُوذِ على اَلكُردِ وكُرْدسْتان؟ لِلإجابَةِ على هَذه التَّساؤلاتِ اِسْتخْدمَ الباحِثُ المنْهجَ الوصْفيَّ- التَّحْليليَّ لِتحْليلِ المضْمون. وإنَّ الباحثَ اِعتمَدَ على المصادرِ الموْجودةِ في المكْتباتِ في إعدَادِ اَلبحْث، وختامًا تَوصلَت هَذه الدِّراسةُ إلى عِدَّةِ اِسْتنْتاجاتٍ، مِن أهمِّهَا: إنَّنا نَعتَقِدُ أنَّ مُصطلَحَ الإنْسانِ اَلمُقدسِ أو المنْبوذِ قد أَطلَقَ على الشَّعْبِ اَلكُرْدِي في مَراحِلَ تاريخيَّةٍ مُخْتلفةٍ. وقد أَدَّى ذَلِك إلى إدانةِ اَلكُردِ وكُرْدسْتان بِموجبِ القوانينِ الرُّومانيَّةِ القديمةِ مِثْل الإنْسانِ المقدَّسِ/ المنْبوذِ والأَرْضِ المباحةِ، بدلا مِن الاسْتفادةِ مِن الْقواعدِ والْقوانينِ الحديثةِ. وقد أَدَّى ذَلِك أيْضًا إلى تَقليلِ وَتحجِيمِ دَوْرِ اَلكُردِ وكُرْدسْتانَ وَعدَمِ اِسْتقْرارِ مكانتِهم في العلاقاتِ الإقْليميَّةِ والدَّوْليَّة.**

**الكلماتُ المفْتاحيَّةُ: الإنْسانُ المقدَّسُ، أغامبين، اَلكُرد وكُرْدسْتان، العلاقاتُ الإقْليميَّةُ والدَّوْليَّةُ، الأرْضُ المباحةُ.**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Kurds As Homo Sacer In Regional and International Relations: A Political- Analytical Study

| Dr. Sarwar Hama Ahmad |
|---|
| College of Political Sciences, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq |
| Email: (sarwar.ahmad@su.edu.krd) |

## Abstract

**In this study, the concept Homo Sacer is used to analyze the position of Kurd in the field of regional and international relations. Along with introducing the idea of Homo Sacer, the history of the Kurdish position as Homo Sacer is highlighted, and the key elements that contributed to the Kurds' status as sacred people in regional and international political relations are discussed. Based on this, the study aims to respond to the following main questions: How do Kurds, as a stateless nation in the context of regional and international relations, fall into a situation similar to Homo Sacer? What negative effects does Be Homo Sacer have on Kurds and Kurdistan? The study employs a descriptive and content analytic approach based on secondary sources to answer this question. In conclusion, this study reached several conclusions, the most important of which is: we believe that the term Homo Sacer has been applied to the Kurdish people at various historical stages. This has led to the Kurds and Kurdistan being condemned to ancient Roman laws such as Homo Sacer and Terra nullius, rather than benefiting from modern rights, rules, and international laws. As a consequence, the Kurds have been in an uncertain status in regional and international relations.**

**Keywords: Homo Sacre, Agamben, Kurds and Kurdistan, Regional and International Relations, Terra Nullius**